دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا
کوردستان
ژمارە: ٥٦٠
www. kurdistanukurd.com
یەکشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٠ ـ ٥ ی ژوئەن ٢٠١١ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە جێژنی کۆتایی کۆنگرەدا
٥

پەیامەکانی کۆنگرە
چەند پەیام لە کۆنگرەی پازدەیەمەوە
٧

پەیام بۆ کۆنگرە
کۆمەڵێک پەیام بۆ کۆنگرەی پازدەیەم
٨

ئەدەب و هونەر

«حەمەدۆک»ی ئاشق
١١

# کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان،
# دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان

## بەیاننامە بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**
**ئۆگرانی حیزبی دیموکرات لە کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان!**

بە خۆشحاڵییەوە رادەگەیەنین کە پازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوانیوەڕۆی ٨ی جۆزەردان(٢٩ی مای ٢٠١١)، بەسەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆنگرەی پازدەیەم، لە ژێر دروشمی »خۆ ئامادەکردن بۆ تێکۆشان لە هەلومەرجی نوێی کوردستان، ئێران و ناوچە دا» کاتژمێری ١٠ی پێشنیوەڕۆی دووشەممە ٢٣ی مای (٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠) لە ڕێوەرسمێکی تایبەتی دا، دەستی پێ کرد. لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی کۆنگرە دا، بێجگە لە ئەندامانی ڕێبەری و کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە ئەمریکا، کانادا، ئوسترالیا و وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئورووپا، نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزب ، دەیان تێکۆشەری لە مێژینەی دێموکرات و ژمارەیەکی بەرچاو لە بنەماڵەکانی شەهیدانی حیزب، ئامادە بوون. ئەو ڕیورەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگ بوون بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەستی پێ کرد، پاشان سیمای ناسراوی دیموکرات وتێکۆشەری لە مێژینە کاک حەسەن ڕەستگار، بە وتارێک کۆنگرەی کردەوە. ئەو کەسایەتییەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتارەکەی دا، بە ئاماژە بە بارودۆخی ناوچە وپێویستیی قۆزتنەوەی ئاڵوگۆرەکان بە قازانجی پرسی کورد، گرنگیی کۆنگرەی پازدەیەم لە ژیانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و ئەرکی بەشدارانی کۆنگرەی لەم پێوەندییەدا خستە روو.

پاشان سکرتێری گشتیی حیزب، ڕێزدار خالید عەزیزی، هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم پێشکەش کرد. ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی، تیشکی خستبووە سەر سیاسەتی جیهانی و لەم پێوەندییە دا خوێندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە بارەی کۆمەڵێک ئاڵوگۆر وپرسی گرنگی جیهانی خستبووە ڕوو. لە پێوەندی لەگەل ڕۆژهەڵاتی نێوەراستیش دا، راپۆرت ئاڵوگۆرەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبیی دابووە بەرهەڵسەنگاندن و لێکدانەوە.

سکرتێری گشتیی حیزب، دواتر پوختەی خوێندنەوە و لێکدانەوەی کۆمیتەی ناوەندیی لە بارەی گرنگترین ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و هیندێک پرس و کێشەی تایبەت بەم وڵاتەی پێشکەشی ئەندامان ومیوانانی کۆنگرەی پازدەیەم کرد. لەم بەشەدا هەلومەرجی سیاسیی ئێران، پرسی نەتەوەکان لە ئێراندا، بزووتنەوەی سەوز، کێشەی ئەتۆمی و دۆخی مافی مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەروەها بارودۆخی ئابووریی وڵات ئاوڕیان لێ درایەوە.

ل ٤




کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دروشمی «خۆ ئامادە کردن بۆ تێکۆشان لە هەلومەرجی نوێی کوردستان، ئێران و ناوچەدا» لە رۆژی ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠دا دەستی پێکرد و پاش ٧ ڕۆژ کار، کۆنگرە لە رۆژی ٨ی جۆزەردان دا کۆتایی پیهات.

کۆنگرەی پازدەیەمی حدک کە بە بەشداریی ١٤٦ ئەندام و ژمارەیەک میوان پێک هات، لە لایەن تێکۆشەری ناسراو و دێرینی حیزب ڕێزدار حەسەن ڕەستگارەوە کرایەوە. بۆ ئەم کۆنگرەیە زیاتر لە ٧٠ پەیام لە لایەن دۆستانی کورد، ئێرانی و بیانییەوە هاتبوو.

لە کۆنگرەی ١٥دا کۆمەڵێک بابەتی گرینگی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکراتی کوردستان، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و ناوچەکە لە برگە جۆراوجۆرەکانی کاری کۆنگرەدا بە وردی هاتنە بەرباس و بڕیاری پێویستییان لە سەر درا. دوایین بەشی کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتییەکی تازە بوو، کە هەر بە دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، کومیتەی ناوەندیی تازە هەڵبژێردراو لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا بەڕێز خالید عەزیزیی بە تێکرای دەنگ بە سکرتێری گشتی هەڵبژاردەوە و ئەندامانی تازەی دەفتەری سیاسییش هەر لەو کۆبوونەوەیەدا هەڵبژێردران.

### سکرتێری گشتیی حیزب:
## بە بێ چارەسەری پرسی نەتەوەکان، داهاتوویەکی گەش بۆ ئێران پێک نایە

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە جەژنی کۆتایی کۆنگرەی ١٥دا رایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە کە لایەنە ئێرانییەکان لەو رابیتەیە تێ بگەیەنێ کە داهاتوویەکی گەش بۆ ئێران بە بێ چارەسەری پرسی نەتەوەکان پێک نایە.

سکرتێری گشتی حیزب هەر لەم پێوەندییەدا روونی کردەوە کە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ئاسایش و حکوومەتی یاسا جێگیر نابێت مەگەر ویست و داخوازییەکانی نەتەوەکان لە هەموو پڕۆژە سیاسییەکاندا لەبەر چاو بگیرێ.

خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی کە لەسەر راسپاردەکانی کۆنگرەی ١٥، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە داهاتوودا لەسەر هەوڵدان لە پێناوی یەکگرتوویی نەتەوەیی بەردەوام دەبێ و تێدەکۆشێ لەو پێناوەدا شێوازی جۆراوجۆری لێک نزیکبوونەوە موتالا بکا.

سکرتێری گشتیی حیزب هەروەها باسی لە



هاوسەنگ کردنی ئاستی خەباتی نەتەوایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کرد و وتی دەبێ تێبکۆشین لەسەر راسپاردەی کۆنگرەی ١٥ بە پێدانی قورسایی زیاتر بە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام، جوغرافیای خەباتی نەتەوەیی بەرفراوانتر بکەین و قورسایی بزووتنەوەی کورد لە ئێران دا زیاتر بکەین.

(دەقی وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەم ژمارەیەی کوردستان دا بڵاوبۆتەوە)

## مەرگی گوماناویی کچی عیزەتوڵڵا سەحابی



لە کاتی بەخاکسپاردنی عێزەتولا سەحابی، هالە سەحابی کچی ناوبراو کوژرا.

دوای ئەوەی رۆژی سێشەممە ١٠ی جۆزەردانی ١٣٩٠ بەرانبەر بە ١ی ژۆئەنی ٢٠١١ زایینی، عیزەتوڵڵا سەحابی، ئەندامی دامەزرێنەری نیهزەتی ئازادی و لە هەڵسووڕاوانی میللی- مەزهەبی لە تەمەنی ٨٠ ساڵی دا لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد، لەڕێورەسمی ناشتنیدا کچەکەشی کوژرا.

بە پێی هەواڵی میدیاکان لە ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی عێزەتولا سەحابی دا، هێزە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی هەر جۆرە نارەزایەتیەکی گشتی، ڕێگریان لە بنەماڵەکەی کردوە و دەستیان لە کاروباری ناشتنی ناوبراو وەرداوە بۆ ئەوەی بە خێرایی ناوبراو بە خاک بسپێرن.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە هێزە لیباس شەخسییەکانەوە هێرش کردۆتە سەر هالە سەحابی، کچی ناوبراو و کەسانی نزیک لە رووداوەکە باس لەوە دەکەن کە، ئەو هیزانە چەند زەربەیەکی کاریگەریان لێ داوەو لە ئەنجام دا ئەویش چەند سەعات پاش مەرگی باوکی گیانی لەدەست داوە.

هالە سەحابی لە بەندکراوانی سیاسی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری بوو کە بۆ بەشداری لە ناشتنی تەرمی باوکی، بۆ ماوەیەکی کاتی مەرەخەسی پێ درابوو.

دوای ئەو ئاڵۆزیانەی لەکاتی ناشتنی تەرمی عیزەتولا سەحابی ومردنی هاڵەی کچی درووست بووە. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرمی ناوبراویان لەدەست بنەماڵەکەی هێناوەتە دەرێ و خۆیان بەشەو بینێژن.

شایانی باسە کە، هالە سەحابی ئەندامی شۆرای دایکانی ئاشتی «مادران صلح» و لە زیندانیانی سیاسی رووداوەکانی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ بوو.

## مانگرتنی کەماڵ شەریفی لە خواردن لە زیندانی میناب

کەمال شەریفی زیندانیی سیاسیی کورد کە زیاتر لە چوار ساڵە لە زیندانی میناب لە باشووری ئێران زیندانییە، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە بارودۆخی خۆی لە زینداندا مانی لە خواردن گرتوە و بە پێی هەمان زانیاری گیانی لە مەترسی دایە.

بنەماڵەی ناوبراو لە گەل پشتڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە بە ماڵپەری «رۆژنامە» یان راگەیاندوە کە کەماڵ شەریفی بۆ ماوەی چەند رۆژێک دەبێ مانی لە خواردن گرتوە و ئەمەش وای کردوە بەرپرسانی زیندان ناوبراو بۆ ژووری تاکە کەسی بگوازنەوە و لە زیندانییەکانی دیکەی دوور خەنەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەست دان هۆکاری مانگرتنەکەی کەماڵ شەریفی نارەزایی‌دەربرینە لە شوینی راگرتنەکەی لەبەر ئەوەی لە گەل ژمارەیەک خەلکی تریاک فرۆشو قاچاخچی زیندانی کراوە.

رۆژنامەنووسی کورد کەماڵ شەریفی



چەندین جار نارەزایی خۆی لە شوینی راگرتنەکەی دەربریوەو داوای کردوە بگوازریتەوە بۆ شوینی زیندانیانی سیاسی لە هەمان زیندان.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە کەمال شەریفی لە شاری سەقز لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کرا و لە دادگای شاری سەقز بە ٣٠ ساڵ زیندانیو دوور خرانەوە بۆ زیندانی میناب لە باشووری ئێران سزا دراوە.

## هیلاری کلینتۆن: بەشار ئەسەد ئیدی کاتی چاکسازییشی نەما

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێ کە کات بۆ «بەشار ئەسەد»، سەرۆک کۆماری سووریە بۆ چاکسازی لەو وڵاتە تەواو بووە.

بەپێی هەواڵێکی بی‌بی‌سی، «هیلاری کلینتۆن» رایگەیاندوە کە ئەمەریکا فشارەکانی خۆی بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوت کردنی خەڵک لەلایەن حکومەتی سووریەوە درێژە پێدەدا و هەروەها رەخنەی لە بێ‌هەڵوێستیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەت شووڕای ئەمنیەت و یەکیەتیی وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بە رەفتارەکانی حکومەتی سووریە گرتوە.

لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەڵستکارانی حکوومەتی سووریە لە کۆبوونەوەکەیان لە تورکیە هەر جۆرە گفتوگۆ و لێبووردنی گشتییەیان رەت کردەوە کە لە لایەن بەشار ئەسەدەوە راگەیاندرابوو.

ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لە سەر داوای دەست لەکار کێشانەوەی بەپەلەی بەشار ئەسەد پێیان داگرتۆتەوە.

شایانی باسە کە کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکانی دژی حکوومەتی سووریە



رەخنەی توندیان لە کردەوەی سپا و هێزە ئەمنیەتییەکانی سووریە گرتوە و ئاماژەیان بە بۆمباران و بەکارهێنانی هێلی‌کۆپتەر دژی خۆپێشاندەران کردوە.

بەپێی ئاماری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە سووریە لەماوەی ئەو دە هەفتەیەی کە خۆپێشاندانەکان دەستیان پێ کردوە، زیاتر لە هەزار کەس لە خەڵکی مەدەنی گیانیان لە دەست داوە و بە هەزاران کەسی دیکەش بریندار بوون.

# بەڕێوەچوونی جێژنی کۆتایی کۆنگرەی ١٥ ی حدک

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا کۆتایی هاتنی پازدەیەمین کۆنگرەی خۆی جێژن گرت.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٩ ی جۆزەردان بە بەشداریی ئەژمارێکی زۆر لە ئەندامانانی رێبەریی حدک، کەسایەتییە سیاسی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و ئەندامانی بنەماڵەکانیان ڕێورەسمێکی بەشکۆ بە بۆنەی کۆتایی سەرکەوتووانەی پازدەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو.





لە سەرەتای ئەو ڕێورەسمەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکێش کرد. کاک خالید لە قسەکانیدا بە تێروتەسەلی تەوەرە گرینگەکانی باس و خواسەکانی کۆنگرەی ١٥ ی بۆ ئامادەبووان شی کردەوە.

کاک خالید لە قسەکانیدا لە سەر هەر کام لە تەوەرەکانی سیاسەتی جیهانی، ناوچەیی و ئێران و کوردستان تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی کۆنگرەی ١٥ ی لە سەر ئەو هاوکێشانە خستە بەر باس و لە بڕیارەکانی کۆنگرە باسی لە گرنگیدان بە یەکگرتوویی و هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و بایەخدان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بە گشتی و بە تایبەتی خەباتی مەدەنی و جەماوەری کرد و هەڵوێست و سیاسەت و ڕوانگەی حیزبی بەرامبەر بە پرسە گرینگەکانی ئێران و کوردستان و یەک لەوان بزووتنەوەی سەوز ڕوون کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا کاک هاشم ڕۆستەمی و کاک ئەحمەد قادری بە خوێندنەوەی چەند کۆپلە شێعر و پەخشانێکی هەست بزوێن گوڕ و تینێکی تایبەتیان بە ڕێورەسمەکە بەخشی.

هەر لەو ڕێورەسمەدا هونەرمەندی دەنگخۆش ئاوات سلێمانی و کاک حەمەرەسووڵ کەریمی بە کۆمەڵێک مەقام و سروودی شۆرشگێری ڕێورەسمەکەیان پتر ڕازاندەوە.

کۆتایی هێنەری ئەو ڕێورەسمە بەزمی شایی و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکی کوردی بوو کە تا درەنگانی ئێوارە بەردەوام بوو.

— — — — — — — —

# بانگەوازی کۆمیتەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دانمارک

کومیتەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دانمارک بە بۆنەی وەگەڕ کەوتنەوەی ماشینی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی راگەیەندراوێکی بڵاو کردۆتەوە.

لە سەرەتای ئەو راگەیەندراوەدا کە روو بە هاونیشتمانانی کورد و حیزب و رێکخراوە سیاسی ومەدەنییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیەکان بڵاو کراوەتەوە هاتوە کە دەزگای تیرورو ئیعدامی رژیمی کوماری ئیسلامی ئێران، وەک زوحاکی زەمانە رۆژ نییە دەستە دەستە رۆلەی ئەو ئاو و خاکە چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ بە بێ هیچ بەڵگەیەک و تەنانەت بە بێ لەبەرچاوگرتنی مافی بوونی پارێزەر و پێڕاگەیشتنێکی دادوەرانە لە دامودەزگای قەزایی سەدەکانی ناوەڕاستی خۆیدا بەبێ سەرنجدان بە یاساکانی نێونەتەوەی بەرێوە دەبا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا هاتوە کە ئێستاش ئەگەری ئەنجامی جینایەتێکی دیکە و ئیعدامی دوو لاوی دلسوز و نیشتمانپەروەر حبیبوڵلا لەتیفیپوور و شێرکۆ مەعاریفی بە تومەتی دژایەتیی کۆماری ئیسلامی و چالاکی مەدەنی وروناکبیری لە رۆژانی داهاتوودا لە ئارادایە و هەڵبڕینی دەنگی ڕخنە وناڕەزایەتی لە لایەن خەڵک وکۆڕ وکۆمەڵ و رێکخراوە سیاسی ومەدەنیەکان وبیروڕای گشتی زورجار دژە گەلیەکانی ناچاربە پاشە کشە کردوە، هەر بۆیە ئیمەش وەک کومیتەی هاوکاریی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای ئیدانەکردنی ئەم هەڵوێستەی ڕێژیم، داوا لە کۆر و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەکەین کە ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بکەن ڕێز لە یاسا نێونەتەویی و پاراستنی مافە سەرەتایەکانی دانیشتوانی ئێران بگرێ و لەهەمان کاتیشدا دەنگی رەخنە ونارەزایەتیی خۆمان دەخەینە پاڵ هەموو ئەو دەنگانەی کە دژ بە ئەگەری ئیعدامی حبیبولا لەتیفیپوورو شیرکۆ مەعارفی و هەموو تێکۆشەرانی ئازادی و سەربەستی دەکەین ولە هەمانکاتدا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە نادادپەروەرانە دەکەین.




— — — — — — — —

# سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرهەنگ چیا ڕەبیعییەوە

محەممەد ڕەسول ڕەبیعی ( سەرهەنگ چیا) ، فەرماندەری هێزەکانی بەیان و پێشەوای حیزبی دێموکرات لە سالانی سەرەتای دەیەی ٦٠ی



هەتاوییدا، لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا، لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد .

سەرهەنگ محەممەد ڕەسول ڕەبیعی ، کە ٧٥ ساڵ لەمەوبەر لە شاری مەهاباد لە دایک ببوو، یەکێک لە ئەفسەرە بە تواناکانی ئەرتەشی ئێران بوو کە بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەرینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی، ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی بۆ تێکۆشان هەڵبژارد. سەرهەنگ ڕەبیعی لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، ناوی چیای بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. لە ژێر فەرماندەریی سەرهەنگ چیا دا،هێزەکانی پێشمەرگەی دیموکرات، بە تایبەتیی دوو هێزی پێشەوا و بەیان،زۆر حەماسەی گەورەیان لە شەڕ و خۆڕاگری بەرامبەر بە هێرشکەرانی کۆماری ئیسلامیدا، خولقاند. سەرهەنگ چیا لە جێگیر کردنی دیسیپلین لە نێو هێزی پێشمەرگە و بردنە سەری توانا و زانستی نیزامی لە نێو فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە دا، رۆلێکی بەرچاوی هەبوو. ناوی سەرهەنگ چیا، وەبیرهێنەرەوەی چەندین حەماسەی هێزی پێشمەرگە لە ژێر فەرماندەریی ئەو مرۆڤە بە توانا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە دایە. سەرهەنگ چیا لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویدا، بەرەو هەندەران ڕۆیشت و لە وڵاتی سوید، لە شاری مالمۆ، گیرسایەوە. لە دوورە وڵاتیش، سەرهەنگ چیا، بە نووسین لە باری مێژووی نەتەوەکەی و پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد، لە سەر خزمەت بە گەل و وڵاتی خۆی بەردەوام بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرهەنگ چیای ڕەبیعییەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکار و هەموو دۆستان و ناسیاوانی ئەو فەرماندەرە بەوەجەی دەیەی ٦٠ی هەتاویی خۆی دەکا و بە ئەمەگناسییەوە یادی خزمەتە بە نرخەکانی بە حیزبی دیموکرات وهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکاتەوە.

یادی بەرز و بەڕێز بێت.

**ناوەندی راگەیاندنی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢ژوئەنی ٢٠١١**
**١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠**

# نامەی ١٥١ کەسایەتی کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بانکیمۆن سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران



١٥١ کەس لە کەسایەتیی کەلتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نامەیەکدا بۆ سکرتێری گشتی داوایان لە ناوبراو کردوە کە بە زووترین کات نوێنەری تایبەتی مافی مرۆڤ بۆ ئێران دیاری بکرێ هەتا بە بارودۆخی نالەباری زیندانیانی سیاسی لەو وڵاتە رابگەن.

لەم نامەیەدا کە سایتی جەرەس بڵاوی کردۆتەوە ئاماژەی بە مانگرتن لە خورادنی بەندکراوانی رەجایی شارو راپۆرت گەلێکی پێوەندیدار بە بارودۆخی بەندیخانەکان لەم چەند مانگانەی دوایيدا، کردوە. نووسەرانی ئەم نامەیە داوایان لە بان کی مون سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە کە دەوڵەتی ئێران وەک ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە پابەند نەبوون بە مافە نێونەتەوەییەکان و بە تایبەت پێشێلکاری مافی زیندانیان بناسرێتەوە و فشار بخەنە سەر ئێران.

هەروەها لەم نامەیەدا هاتوە کە زیندانەکانی ئێران پڕن لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەموویان بە دڕندەترین شێوە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئازارو ئەشکەنجە دەکرێن.

واژۆکەرانی ئەم نامەیە پێداگریان لە سەر ئەوە کرد کە بەندکراوە سیاسیەکان «زۆر جار لە لایەن بە ناو دادگاکانی کۆماری ئیسلامیەوە حوکمی قورسیان بە سەردا سەپاوە و پاشان لە بەندیخانە قەرەباڵغەکاندا لە بارودۆخێکی نالەباردان، بە تایبەت لە بەندیخانە هاوبەشەکاندا وێڕای تاوانباران بە قەتل، دەستدرێژی و ئیعتیاد ژیان دەبەنە سەر».


بڵاو کردنەوەی راپۆرتە جۆراوجۆرەکان بە گشتی باس لە ئەوە دەکەن کە زیندانیە سیاسیەکان لە نێو بەندیخانەکاندا لە هەلومەرجێکی نەشیاو دان و زۆرجار بارودۆخێکی جەستەیی و دەروونی خراپیان هەیەو دەستیان بە بێهداشت و دەوا و دەرمان راناگا.

واژۆکەرانی ئەم نامەیە کە دەقە ئینگلیسیەکەی بۆ بان کی مون ناردراوە، لە مامۆستایانی زانکۆ، رۆژنامەنووسان، نووسەران، چالاکانی سیاسی، مەدەنی، خوێندکاران و ژنان پێک هاتوون.

### بەیاننامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی کۆچی دوایی موهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابییەوە

به داخێکی گران و بەو پەڕی خەم و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی ناوداری ئێرانی، موهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی یەکێک لە دیارترین رێبەرانی نێهزەتی ئازادی و لە خەباتکارانی نەسرەوتووی رێگای ئازادی و دێموکراسیی ئێرانم پێ گەیشت.



موهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی لە سەردەمی خەبات دژی رێژیمی پاشایەتیدا بە «تاوان» ی هەوڵدان و خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسی دا قۆڵبەست و ساڵگارێکی دوور و درێژ لە باشترین دەورانی تەمەنی خۆی لە زیندان و سیاچاڵەکانی رێژیمی پەهلەویدا تێپەڕ کرد.

موهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی وەک یەکێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران لە سەرەتادا کەوتە بەر سەرنجی رێبەرانی رێژیمی بەدەسەڵات گەیشتوو و بەرپرسایەتیی گرینگ و جۆراوجۆر و یەک لەوان ئەندامەتی لە هەیئەتی دەوڵەت بۆ وتوویژ لە گەڵ رێبەرانی کورد بۆ چارەسەریی کێشەی کوردی پێ سپێردرا. بە شایەتیدانی ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، موهەندیس عیزەتووڵڵا سەحابی هەموو هەوڵ و توانای خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی لە رێگەی وتوویێژەوە کێشەی کوردستان چارەسەر بکرێ و شەڕ و پێکدادان لە نێوان خەباتکارانی کورد و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ببڕێتەوە، کەچی بەداخەوە بە هۆی دژایەتیی دەسەڵاتبەدەستانی ئەو کاتی رێژیم هەموو هەوڵەکانی موهەندیس عیزەتووڵڵا سەحابی بێ ئاکام مایەوە و کوردستان ئەوەی بە سەر هات کە هەموومان دەیزانین و بینیمان.

بەڵێ موهەندیس عیزەتووڵڵا سەحابی کە هەموو ژیانی لاوەتیی خۆی لە پێناو ئازادی و خەبات بە دژی دیکتاتۆریی پاشایەتی تەرخان کردبوو، لە بەرامبەر ئاکار و کردەوە نادێموکراتیک و سەرەڕۆیانەکانی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەنگی نارەزایەتی هەڵ بڕی. هەر لەو سۆنگەیەشەوە کەوتە بەر تووڕەیی رێبەرانی رێژیم و بۆ چەند ساڵێکی دیکەش ژیان لە پشتی میلەکانی زیندان و سیاچاڵەکانی رێژیمی پێ بڕا.

رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تەنانەت زەندەقیان لە تەرمی کوژراوانی رێی ئازادییش دەچێ، دوای کۆچی دوایی مەهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی لە بەرەبەیانی رۆژی سێشەممە، ١٠ ی جۆزەرداندا ریگەیان نەدا تەرمی ئەو خەباتکارە جۆرێک کە شایانی کەسێتیی ناوبراو بوو بە خاک بسپێردرێ. بە هۆی ئەو ستەمەی کە دەرحەق بەو کەسایەتییە مێژووییە و بنەماڵە و کەسوکار و ئازیزانی کرا، بەداخەوە بینیمان کە خاتوو هالە سەحابی، کچی بەڕێزیشیان لە کاتی بەڕێکردن و ئەسپردەکردنی تەرمی باوکیدا بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لە دەست دا و بەو جۆرە باری گرانی خەم و پەژارەی لە دەستدانی موهوندیس سەحابی ئەوەندەی دیکەش قورستر کرا.

ئەمن وێڕای ناردنی سڵاو و رێز بۆ رووحی پاکی بەڕێز مەهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی سەرەخۆشیی ئەو کارەساتە تاڵە لە بنەماڵە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی بەریزیان دەکەم و سەبر و خۆڕاگرییان بۆ بە ئاوات دەخوازم. دڵنیاشم کە ناوی مەهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی لە مێژووی خەباتی خەڵکی ئێراندا بە نەمری دەمێنێتەوە و خەباتکارانی کوردیش هەمیشە بەڕێزەوە یادی دەکەن. رووحی شاد بێ.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٩٠/٣/١٢**

## ئێعدام کرانی سێ کەسی دیکە لە بەندیخانەی ورمێ




بەبریاری ناوەندی قەزایی رێژیم ٣ کەس لە زیندانی ناوەندی شاری ورمێ ئێعدام کراون.

رۆژی یەکشەممە ١ جۆزەردان بەبریاری دەزگای قەزایی لە حەساری زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ ٣ کەس لەدار دراون.

بەپێی راپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی موکریان، دوو کەس لەوانەی ئێعدام کراون خەڵکی شیرازن و ئەوی دیکەش کەسێکە بە ناوی چەنگیز خەڵکی ورمێ، بەپێی زانیارییەکان ئەم ٣ کەسە بە تۆمەتی بازرگانی مادە هۆشبەرەکانەوە لە لایەن ناوەندی قەزاییەوە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپێندراوە کە ئەم سزایە رۆژی ١ی جۆزەردان لە حەساری زیندانی ناوەندیی ورمێ جێبەجێ کراوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە هیچ ناوەندێکی رەسمیی ئێران ئەو تۆمەتانەی پشت راست نەکردۆتەوە کە ناوەندی قەزایی دابوویە پاڵ ئەم سێ کەسە ئێعدام کراوە، چالاکانی مافی مرۆڤ لەوە نیگەرانن کە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لەژێر ناوی بازرگانی بە مادەی هۆشبەر ئێعدام بکرێن وەک چۆن زۆر جاران لە رابردووی کۆماری ئیسلامیدا کراوە.

— — — — — — — —

## بانگەوازی « شورای هاوئاهەنگیی رێگای سەوزی ئومید»

## بۆ رێپێوانی بێ دەنگ لە ٢٢ جۆزەردان

شورای هاوئاهەنگیی رێگای سەوزی ئومید لە بەرەبەری ساڵرۆژی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ٨٨ داوای لە خەڵک کردوە کە رێپێوانێکی بێ دەنگ بەڕێوە بەرن.

لە سەرەتای ئەم بانگەوازەدا هاتوە کە، لە ٢٢ ی جۆزەردانی ساڵی ٨٨ دا خەڵک بە هیوا و ئومێدەوە بۆ لای سندووقەکانی دەنگدان هاتن کە لە مافی چارەی خۆنووسین کەڵک وەربگرن و بە هەڵبژاردنی سەرکۆمار دروشمی « گۆڕانی بە کەڵک» بهێنینە دی. بەڵام ئەوانەی کە سواری ئەسبی دەسەڵاتیان بە هەموو شێوەیەک کردبۆوە رێنمای کاری خۆیان و بە ساختەکاری لە هەڵبژاردندا پاڵێوراوی خۆیان هێنایە سەر و کاتێ کە رووبەرووی نارەزایەتیی خەڵک بوونەوە لە جیاتی وەڵامدانەوە و قانع کردنی خەڵک دەستیان دایە سەرکوت و کوشتن و بڕین و زیندان.

لە درێژەی ئەم راگەیاندراوەدا هاتوە کە شورای رێگای سەوزی ئومید بۆ رێز گرتن لە هەمووی ئەوانەی کە لەو رۆژەدا هاتن کە وڵات لە بەڵای درۆ و دیکتاتۆری رزگار بکەن و لە دوو ساڵی رابردوودا بۆ بەرگری لە مافی خۆیان هەموو نرخێکیان داوە و هەروەها بۆ رێز گرتن لە گیانی ئەوانەی کە گیانی خۆیان لەم رێگایەدا بەخت کردوە، داوا لە خەڵک دەکا کە بە بێ دەنگی دەست بە رێپێوان بکەن و شەویش کاتژمێر ١٠ دەست بە الله اکبر بکەن.

— — — — — — — —

## بەرێوەچوونی رێوڕەسمی دوازدەهەمین

## ساڵرۆژی ئەنجومەنی سەوزی چیا لە شاری مەریوان

ئەنجومەنی سەوزی چیا بە بەشداریی زیاتر لە ٤٠٠ ئەندامی چالاکی رێکخراوەکەیان و بە بۆنەی دوازدەهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی رێکخراوەکەیان ریوڕەسمێکیان بەڕێوە برد.

ئەنجومەنی سەوزی چیا کە ئەنجومەنێکی مەدەنیو ژینگەپارێزی شاری مەریوانە رۆژی پێنج شەممە ٢٩ی بانەمەڕ، بە بۆنەی ساڵیادی دامەزران و خوێندنەوەیەک بۆ چالاکیی ئەم ئەنجومەنە لە یەک ساڵی رابردوودا کۆبوونەوەیەکی بەرینی لە ساڵۆنی «موجتەمەعی فەرهەنگیی مەریوان» بە بەشداریی سەدان کەس لە خەڵکی نیشتمان پارێزی ئەو شارە بەرێوە برد.

بە پێی راپۆرتی سایتی «انجمن سبز چیا» لە سەرەتای رێوڕەسمەکەدا محەممەد ناجی کانی سیرانی، بەرپرسی ئەنجومەن وتەیەکی پێشکەش کرد و دوای قسەکانی عیرفان حوسێنی لە سەر چەند بڕگەیەک لە بەرنامە و پڕۆگرامی ئەو رێکخراوەیە، دوکتور مەسعود مستەفا سوڵتانی باسی شێوەی کارو داهاتو دەرکەوتی ئەم ئەنجومەنەی کردو رایگەیاند کە هەموو داهاتی ئەو ئەنجومەنە لە لایەن خەڵکی خێرخوازو ئەندامانی ئەنجومەنی سەوزی چیاوە دابین دەکرێت.

ناوبراو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا وێڕای هێنانە بەر باسی کارو چالاکییەکانی ئەنجومەن لە یەک ساڵی رابردوودا، ئاماژەی بە سەدان حاڵەتی ئاگر کەوتنەوە لە دارستانو لێڕەوارەکانی شاری مەریوان کرد، کە زۆربەی ئەو ئاگر کەوتنەوانە جێگای شکو گومان بوونو باسی لە کاولکاری دەوروبەری شاری مەریوان لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە کرد.

لەو رێورەسمەدا خەڵاتی تایبەت بە سەر ١١ گوندی چالاک لە بواری ژینگە پارێزی دابەش کرا.

درێژەی:

## چەند وتەیەک بۆ رێزگرتن لە تێکۆشەری

## دێرین کاک حەسەنی رەستگار

ئەمنیش وەکوو یەکێک لە هاورێیانی کاک حەسەن ئاماژە بە وتەیەکی «نیکۆس کازانتزاکیس» دەکەم لە کتێبی «آخرین وسوسه مسیح». نیکۆس دەڵێ: کاتێک حەزرەتی عیسای مەسیح دیتی ژنێکیان (مەریەمی مەجدەلیە) سەنگسار دەکرد، عیسا چووە پێشێ و بە خەڵکەکەی گوت: لە نێو ئێوەدا ئەو کەسەی کە هیچ کات هەڵەیەکی نەکردوە، هیچ کات گوناهێکی نەکردوە با یەکەم بەرد ئەو پێیدادا. عیسا بۆخۆی بەردەکەی لە دەستی بەربۆوە.

چەند رۆژ لەوە پێش لە پەیامێکدا کە بۆ کۆنگرە هاتبوو(پەیامی ئاغای نووریزادە)، کاک «عەلیرەزا نووریزادە» لە شوێنێک دا دەڵێ: بگذار از آرزوهایم بگویم. بەڵام ، کاک حەسەن گیان! ئیجازەم بدە با منیش لە ئارەزووەکانم بدوێم، هیوادارم ئەمجاریش هەروەک ٣٣ساڵ لەوە پێش لە ئێوارەیەکی ساردی مانگی رەشەمەی ساڵی ١٣٥٧دا کە چەند رۆژ لە رووخانی رێژیمی حەمەرەزاشا تێدەپەڕی، و جەنابت لەگەڵ چەند تێکۆشەری دیکە لە نێو پێشوازیی گەرمی خەڵک دا و لەسەر شانی خەڵک پاش ١٥ ساڵ گەڕایەوە شارەکەی خۆت، _ ئەمن ئەو دەم لاوێکی ١٧ ساڵە بووم و بینەرێکی ئەو دیمەنە بووم_ ئارەزوو دەخوازم ئەمجاریش و بۆ جارێکی دیکەش دیسان سەرکەوتووانە لەسەر شانی کۆمەڵانی خەڵک بگەڕێیەوە و بچیەوە نێو شارەکەی خۆت. ئارەزووت زۆر بوون، یەکێک لەو ئارەزووە سیاسییانەت دەزانم. رۆژی ٩ی ئاوریلی ٢٠٠٣ کاتێک پێکەوە لە رێگای تەلەویزیۆن چاومان لە هاتنی هێزی هاوپەیمانەکان بۆ نێو شاری بەغدا دەکرد، و پەیکەری سەدام حوسێن لە مەیدانی فیردەوس هاتەخوار، فەرمووت بە یەکێک لە ئارەزووەکانم گەیشتم، ئەویش ئەوە بوو، دواین کەسایەتی کە دەور و تەئسیریان هەبوو لە پەیمانی «الجزایر»دا، ئەویشم دیت کە سەرنگون بوو. دوو دانەی دیکەت دیبوو، هەم «بوومێدیەن»ی ئەلجەزایرت دیبوو هەم «حەمە رەزا شا»ت دیبوو. هیوادارم ئەم ئارەزووەشت وەدی بێ و جارێکی دیکە وەکوو ساڵی ٥٧ لەسەر شانی کۆمەڵانی خەڵک بچیەوە نێو خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و هەر تەمەندرێژ و سەرکەوتوو بی

دریژەی:

# بەیاننامە بە بۆنەی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان

راپۆرتی سیاسیی پێشکەشکراو لە لایەن بەڕێز خالید عەزیزی، بەشێکی گرنگی خۆی بۆ پرسی کورد تەرخان کردبوو. لەو بەشەدا راپۆرت چوو بووە سەر پرسی کورد لە باشوور، باکوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان و بە ئاماژە بە هێندێک رووداو و گۆڕان، ئەو ئاکامەی گرتبوو کە لە هەموو بەشەکان، پرسی کورد لە بەرەوپێشچوون دایە و زیاتر لە جاران، قورسایی خستۆتە سەر هاوکێشە جۆراوجۆرەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا.

تەوەرێکی دیکەی راپۆرتی پێشکەشکراو لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەرخان کرابوو بۆ تیشک خستنەسەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان. لەم پێوەندییەدا سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کە لەسەر بنەمای ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و سەرکوت دامەزراون، هەروەها باردۆخی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی رۆژهەلاتی کوردستان، تیشکیان خرابووە سەر.

دوابەشی راپۆرتی سیاسیی کۆمیەتی ناوەندی بۆ هەلسەنگاندنی کۆمەڵێک لە گرنگترین هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی چاردەیەم بە تایبەتی لە دوو ئاستی کوردستان و ئێران دا تەرخان کرابوو.

بە دوای پێشکەشکرانی راپۆرتەکە لە لایەن بەڕێز سکرتێری گشتییەوە، کۆمیسیۆنی پەیامەکانی کۆنگرەی پازدەیەم، راپۆرتی خۆی دایەوە بە کۆنگرە. بە گوێرەی راپۆرتەکە نزیک بە ٧٠ پەیام لە دۆستانی کورد، ئێرانی و بیانییەوە بۆ کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتبوون. هەر لەو بەشەشدا پەیامەکانی هەر دوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆ کۆنگرەی پازدەیەم خوێندرانەوە.

دوانیوەڕۆی دووشەممە ٢٣ی مای، لە دووهەم دانیشتنی کۆنگرە دا، هاوڕێ قادر وریا لە لایەن کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەوە، راپۆرتێکی لە بارەی کاروباری کۆمیتەکە و چۆنیەتیی پێکهاتنی کۆنفرانسەکان و هێندێک زانیاریی لە بارەی تەرکیبی بەشدارانی کۆنگرەی پازدەیەمەوە پێشکەش کرد و کۆمیسیونە کارییە پێشنیارکراوەکانی بە کۆنگرە ناساند کە دیارە ئەندامانی کۆنگرە دوای خستنەرووی سەرنج و تێبینییەکانیان دەنگیان بەو کۆمیسیۆنانە دا.

دوای پەسندکردنی کۆمیسیۆنەکان، بەشدارانی کۆنگرە را و سەرنجی خۆیان لە بارەی راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم دەربڕی و راپۆرتەکەیان بە رەخنە و پێشنیار و تێبینییەکانیان دەوڵەمەند کرد.

بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنگرەی پازدەیەم، باس لە کار و تێکۆشانی حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەی ١٤ و پازدەیەم دا بوو. بەشدارانی کۆنگرە لە ماوەی چەند دانیشتن دا، بوارە جۆراوجۆرەکانی کار و تێکۆشانی حیزبیان هەڵسەنگاند و بە راشکاوی، کەم و کوڕییەکانی هەرکام لە بوارەکانیان دایە بەر سەرنج و پێشکەوتنەکان و خاڵە بە هێزەکانیشیان دەستنیشان کرد. هاوکات کۆمیسیۆنەکانی راپۆرت و بڕیارنامە، کۆبەندی باسەکان و ئەو بابەتە گرنگانەی لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە خرابوونە روو، ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی لە راپۆرتی سیاسی و بڕیارنامەکانی کۆنگرە دا بیانگونجێنن. دوای ئەوەی کۆمیسیۆنی راپۆرت بەرعۆدە بوو سەرجەم پێشنیار و تێبینیە جەوهەرییەکان لە راپۆرتی سیاسی دا بگونجێنێ، کۆنگرە راپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی پەسند کرد.

یەکێکی دیکە لە کارە سەرەکییەکانی کۆنگرەی پازدەیەم، چاوخشاندنەوە بە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بوو. لەم بەشەی کاری کۆنگرە دا، دوای ئەوەی هەیئەتی پێداچوونەوەی بەرنامە وپێڕەوی نێوخۆ، روونکردنەوەی خۆی لەبارەی دەسکارییەکان پێشکەشی کۆنگرە کرد، کۆنگرە لە چەند دانیشتنی یەک بە داوی یەکدا، گۆڕانی پێویست لە هێندێک لە بەشەکانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ دا کە زۆرتر لە رووی فۆرم و داڕشتنەوە بوون، پەسند کرد.

کۆنگرەی پازدەیەم، کاتێکی پێویستیشی بۆ پێشکەشکردنی راپۆرتی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ تەرخان کرد. لەو بەشەدا بەرپرسی کۆمیسیۆنی ناوبراو، بەڕێز کاک جەلیل گادانی، ئاماژەی بە کارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە لە نێوان دوو کۆنگرەی ١٤ و ١٥ دا کرد.

لە درێژەی کارەکانی کۆنگرەدا، کۆمیسیۆنی بڕیارنامە، دوای باس و بیروڕاگۆڕینەوەی پێویست لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، دوو بڕیارنامەی بە پەسندی کۆنگرە گەیاند. بڕیارنامەی یەکەم کە پێوەندیی بە کار و تێکۆشانی حیزبی و پرسە نێوخۆییەکانەوە هەبوو. کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەمی بەرعۆدە کردوە، لە بوارەکانی دیپلۆماسی، ڕێکخستن، راگەیاندن و پەروەردە دا، هەروەها بە مەبەستی بایەخدان بە ناوچەکانی خواروو و سەرووی کوردستان و گرنگیدان بە تێکۆشان لە نێو کوردەکانی دەرەوەی رۆژهەلاتی کوردستاندا، پرۆژە و بەرنامەی پێویست ئامادە بکا و بەڕێوەیان بەرێ. دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ وەدیهێنانی دروشمی کۆنگرە کە خۆ ئامادە کردن بۆ تێکۆشان لە هەلومەرجی نوێ دایە، یەکێکی دیکە لەو ئەرکانەیە کە خراوەتە سەر شانی ڕێبەریی حیزب.

لە بڕیارنامەی سیاسیی پەسند کراوی کۆنگرەی پازدەیەمیش دا، لەسەر هەر دوو ئاستی کوردستانی وئێرانی کۆمەڵیک بڕیار بەرچاو دەکەون کە گرنگیدان بە یەکگرتوویی و هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وئێران و بایەخدان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بە گشتی و بەتایبەتی خەباتی مەدەنی و جەماوەری، دەتوانین بە نموونە ئاماژە پێ بکەین. لە ئاستی ناوچە و نێونەتەوەییشدا کۆمەڵێک بڕیار بە پەسندی کۆنگرەی پازدەیەم گەیشتوون کە روانگە و هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر پرسە گرنگەکانی ناوچە و جیهان دەردەخەن.

پێویستە بگوترێ لە رەوتی کاری کۆنگرەدا، دەیان پەیام کە لە حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییەکانی دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ کۆنگرە هاتبوون، خوێندرانەوە. کۆنگرە چەندین پەیامیشی بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان ناردوە کە نێوەرۆکی هەر هەموویان، پێداگرتنەوە لەسەر خەبات تا بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی رێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.




**کۆنگرەی پازدەیەم ئەگەر لە لایەکەوە دەرفەتێک بوو بۆ دەوڵەمەند کردن و پێداگرتنەوە لەسەر پرۆژە و پرەنسیبە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پێشوو، لە لایەکی دیکەوە هەوڵێکی بە کۆمەڵ بە بەشداریی نوێنەران و بژاردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی ئامادە کردنی ئەم حیزبە بۆ قۆناغی نوێی تێکۆشان بوو**

دوابەشی کاری کۆنگرەی پازدەیەم، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسلی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ بوو کە ئەم بڕگەیان لە کاری کۆنگرە لە رەوتی ملبەملەیەکی سالم و دێموکراتیک و دۆستانە دا بە سەکەرکەوتنەوە گەیشتە ئەنجام. دەبێ بگوترێ کە کۆنگرەی پازدە، بە بەراورد لە گەڵ کۆنگرەی چاردە، ژمارەیەکی زیاتر لە ژنان و لاوانی بۆ ئەندامەتیی ڕێبەریی حیزب هەڵبژارد کە ئەمەش ئەگەر لە لایەکەوە نیشانەی بایەخدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە توێژەکانی ژنان و لاوانە، لە لایەکی دیکەوە ئاکامی بەشداریی چالاکانەی لاوان و ژنان لە سەرجەم باسەکان و کارەکانی ئەم کۆنگرەیە دابوو.

جێگای ئاماژەیە کە لە یەکەم سەعاتەکانی ٨ی جۆزەردان دا، کۆمیتەی ناوەندیی هەلبژێردراوی کۆنگرە، لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی دا، هاوڕێی هێژا، خالید عەزیزیی بە تێکڕای دەنگ بە سکرتێری گشتیی هەڵبژاردەوە. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا، ئەندامانی دەفتەری سیاسیش هەلبژێردران. دواتر ئەم ئالوگۆڕانە لە دوا دانیشتنی کۆنگرەدا بە ئاگاداریی بەشدارانی کۆنگرە گەیەندران کە لە گەڵ خۆشحالی و پێشوازیی گەرمی ئەوان، بەرەوڕوو بوو.

**ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

کۆنگرەی پازدەیەم ئەگەر لە لایەکەوە دەرفەتێک بوو بۆ دەوڵەمەند کردن و پێداگرتنەوە لەسەر پرۆژە و پرەنسیبە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پێشوو، لە لایەکی دیکەوە هەوڵێکی بە کۆمەڵ بە بەشداریی نوێنەران و بژاردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی ئامادە کردنی ئەم حیزبە بۆ قۆناغی نوێی تێکۆشان بوو. بەڵگەنامەکانی ئەم کۆنگرەیە کە شایەدی بۆ گرنگیی باسەکان و هەڵوێستەکان و بڕیارەکانی کۆنگرەی پازدەیەم دەدەن، لە داهاتووی نزیکدا دەخرێنە بەر سەرنجی دۆستان و ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

کۆمیتەی ناوەندیی هەلبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەم، بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی پازدەیەم، پیرۆزبایی لەسەرجەم تێکۆشەران ، ئەندامانی حیزب و ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکا و هەموو ریزەکانی حیزب و سەرجە م دۆستان و دڵسۆزانی ئەم حیزبە و خەڵکی کوردستان بە گشتی بۆ پشتیوانی لە ڕێبەریی حیزب لە جێبەجێکردنی بڕیار و راسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیەدا، بانگەواز دەکا.

**کۆمیتەی ناوەندیی**
**حیزبی دیموکراتی**
**کوردستان**
**١٣٩٠/٣/٩**
**٢٠١١/٥/٣٠**

# وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لە جێژنی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٥ دا



هاونیشتمانانی بەڕێز!
هاوڕێیانی خۆشەویست!

بە بۆنەی تەواوبوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی، دۆستان و ئەندامانی حیزب دەکەم.

کۆنگرەی ١٥ی حیزب بە پێی پێڕەوی نێوخۆ لە کاتی دیاریکراودا و لە ماوەی نزیک بە حەوتوویەکدا، بە بەشداریی نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان، ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات واتە ئەمریکا، کانادا، ئوستڕالیا و وڵاتانی ئورووپایی بەڕێوەچوو. دیارە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی نێوخۆی وڵات بە تایبەتی ئەندامانی حیزب بە ناردنی تێبینی و ڕێنوێنی

**لە راستیدا تەنیا بە مەرجی یەکڕیزیی نەتەوەیی‌یە کە دەتوانین لە داهاتووی ئێراندا بە باشترین شێوە ڕۆڵ بگێڕین**

خۆیان لە ڕێگەی ئیمەیل و هتد بەشدارییان لە کۆنگرەدا کردبوو. کۆنگرەی ١٥ی حیزب کۆنگرەیەکی زیندوو و دەوڵەمەند بوو، بەو واتایە کە چین و توێژ و بیروبۆچوونی جۆراوجۆر تێیدا بەشدار بوون و باس و لێکدانەوەیەکی یەکجار زۆر هاتە گۆڕێ. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنەکانی باشووری کوردستان، لایەنە ئێرانییەکان، کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی بە تێبینی و پەیامەکانی خۆیان کۆنگرەیان دەوڵەمەند کردبوو.

کۆنگرەی ١٥ی حیزب بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی خستە بەرباس و بەو دەرئەنجامە گەیشت کە ئێمە هەوڵمانداوە مەجالی گونجاو برەخسێنین تا لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا وەک نەتەوەیەک ڕۆڵ بگێڕین.

لە سەردەمی ئێستادا ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی حکوومەتە سەڕەرۆکان کەم دەبێتەوە، بابەتی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ و داخوازی حکوومەتی وەڵامدەر زیاتر جێ دەگرێ. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پشتگیریی لە گۆڕان لە وڵاتانێک دا کردوە کە پەرەئەستاندنی دێموکراسی و مافی مرۆڤی لێ بکەوێتەوە. ئێمەش هەر لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەدا هەوڵمان داوە کە مەسەلەکانی کوردستان و ئێران لە چوارچێوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی جیهانی دا زیاتر بێنینە بەرباس.

لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لەو بڕوایەداین کە خەڵک لە دژی سەڕەرۆیی و لە پێناوی دەستەبەر بوونی دیموکراسی و ژیانێکی باشتر خەباتی کردوە. دیارە پەرەئەستاندنی دێموکراسی لە ناوچەدا ڕۆژبەڕۆژ گوشاری زیاتر دەخاتە سەر حکوومەتە سەڕەرۆکان و وزە و یارمەتیی ڕۆحی دەبەخشێ بە خەڵکی ئازادیخواز. بەم هۆیەوە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە گشتی هەڵگری پەیامێکی گەش بۆ خەڵکی دێموکراسیخواز و ئازادیخوازی کوردستان و ئێران بوون.

دیارە یەکێک لە کێشە گرنگ و چارەسەر نەکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کێشەی کوردە کە ئێمە لەو بڕوایە داین گەشەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ناوچە، لە خزمەت بەرەوپێشچوونی پرسی کورد دایە. کۆنگرەی ١٥ی حیزب بۆ جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردوە کە پرسی کورد لە ئێران پرسێکی نەتەوەییە و پێویستە حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەباری دیپلۆماسی، تەبلیغاتی و تەشکیلاتی‌یەوە بۆ جێگرتن و بەرەوپێشچوونی مەسئەلەی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی دا هەوڵ بدا. ئێمە لەو بڕوایە داین کە پێویستە هەر پارچەیەک لە کوردستان بە پێی هەلومەرجی خۆی، بریار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا. هەر لەو پێوەندییەدا ئاڵوگۆڕەکانی تورکیە بەرەو ئەوە دەروات کە هێزی ئەرتەش پاشەکشە بکا و لە جێگای ئەودا عەقلانیەتی دیموکراسی و بەیەکەوە ژیان بەهێز بێ. هەروەها بە نیسبەت ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان و سەرهەڵدانی نارەزایەتیی بەرفراوان لە سووریە، دەرفەتێکی باش لە پێناو دەستەبەر بوونی مافی کورد لەو وڵاتەدا دەبینین کە هیوادارم لایەنە سیاسییەکانی کورد لە سووریە بتوانن بە باشی کەڵکی لێوەربگرن.

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان پێی وایە کە ئەو دەستکەوتە نەتەوەیی‌یانە پێویستە بپارێزرێن. ئێمە بە پێی توانا لە پێناوی سەرخستنی زیاتری ئەزموونی باشووری کوردستان هەوڵ دەدەین. بە نیسبەت گرفتەکانی چارەسەرنەکراوی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندیی عێراق، دیالۆگ بە باشترین ڕێگای چارەسەر دەزانین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە حوکمی ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی گرتوە و مەیدانی تێکۆشانی خۆی بە ئەوەی پێناسە کردوە، زۆربەی باس و لێکدانەوەکانی کۆنگرە بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... ئەو بەشە تەرخان کرابوو. پۆختەی سەرجەمی لێکدانەوەکان ئەوە بوو کە تێگەیشتنی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حاڵی گەشەدایە و پێویستە کە بەهێز کردنی یەکیەتیی نەتەوەیی سنووری هەموو زاراوە و مەزهەبەکان ببرێ. لە راستیدا تەنیا بە مەرجی یەکڕیزیی نەتەوەیی‌یە کە دەتوانین لە داهاتووی ئێراندا بە باشترین شێوە ڕۆڵ بگێرین. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێک کە چین و توێژو زاراوە و ئایینی جۆراوجۆری لە خۆ گرتوە، تێدەکۆشێ چەشنێک لە گوتار و سیاسەت ڕەچاو بکات کە لە خزمەت یەکیەتیی نەتەوەیی دا بێت.

خوێندنەوەی کۆنگرەی ١٥ لە هەمبەر ڕەوشی نێوخۆی ئێران بەم شێوەیە بوو کە ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی خەڵک لە حاڵی گەشە کردن دایە و حکوومەت نەیتوانیوە لەباری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... وەڵامدەر بێ.

دیارە ڕێژیم لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام هەوڵی داوە کێشەکانی ناوخۆی بشارێتەوە و لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی قەیران دروست بکات. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا جووڵانەوەیەکی بەربەرین بە دژی ڕێژیم هاتە ئاراوە هەرچەند ئێستاکە توانایی بە دەست گرتنی فەزای شەقامی نیە بەڵام ئەم جووڵانەوە نارەزایەتییە لە زۆر شوێن بە شێوەیەکی تر هەروا بەردەوامە. ئێمە لەو بڕوایە داین کە جووڵانەوەی سەوز جووڵانەوەیەکی فرە ڕەنگ و پلۆراڵە. دیارە بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێران سروشتییە کە مەجالی جوڵانەوەیەکی فرەچەشن لە ئارا دابێت و ئێمەش بە حوکمی دژایەتی کردنی ئەو جووڵانەوەیە لەگەڵ ڕێژیم و پلۆراڵ بوونەکەی بە پێویستی دەزانین کە پشتگیریی لێبکەین.

دیارە ئێمە بە شوناسی نەتەوەیی خۆمان بەشداری لە جووڵانەوەی سەوزدا دەکەین و پێویستە ئەو ڕاستییە بۆ تێکڕای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دووبارە بکەینەوە کە کورد خاوەنی ڕابردوویەکی دوور و درێژ لە پێناوی دەستەبەر کردنی دیموکڕاسی دایە.

هەروەها ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە. بەم پێیە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ئاسایش و حکوومەتی یاسا جێگیر نابێت مەگەر ویست و داخوازییەکانی نەتەوەکان لە هەموو پرۆژە سیاسییەکان لەبەر چاو بگیرێت. بەم پێیە ئێمە هەوڵمانداوە لایەنەکانی ئێرانی تێبگەیەنین کە داهاتوویەکی گەش بۆ ئێران بە بێ چارەسەری پرسی نەتەوەکان پێک نایەت.

لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا لێکدانەوەیەکی سیاسی تێروتەسەل بە تێبینیی جۆراوجۆری سیاسی، ئاماری، کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە و هەروەها هەڵسەنگاندنی پێگەی ڕێژیم

**ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە. بەم پێیە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ئاسایش و حکوومەتی یاسا جێگیر نابێت مەگەر ویست و داخوازییەکانی نەتەوەکان لە هەموو پرۆژە سیاسییەکان لەبەر چاو بگیرێت. بەم پێیە ئێمە هەوڵمانداوە لایەنەکانی ئێرانی تێبگەیەنین کە داهاتوویەکی گەش بۆ ئێران بە بێ چارەسەری پرسی نەتەوەکان پێک نایەت**



لە جیهان و ناوچەکەدا ئەنجام درا. دەرەنجام ئێمە لەو بڕوایەداین کە قەیرانی نێو دەسەڵاتی ڕێژیم ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵقەی خودی (خۆمانە)کان بەرتەسکتر دەکات و هیوا و ئومێدی خەڵک بۆ لاچوونی ڕێژیم زیاد دەکات. ڕاستە کە کێشەی نێو ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ دێموکڕاسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوەکان و... دا نیە بەڵام ئەم قەیرانەی نێو دەسەڵات لە تەواویەتی خۆیدا، ئەو ڕاستییە بۆ خەڵک دەردەخات کە ڕێژیم لە ئیدارەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران دا داماو و بێ توانایە.

باسێکی دیکەی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوە بوو کە

ل ٦

## وتاری بەڕێز حەسەن ڕەستگار

# لە ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنگرەی پازدەیەمدا



**میوانە بەڕێزەکان!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست !**

بە خێر بێن بۆ کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ڕێبەریی حیزب ئەو شانازییەی بە من داوە کە کۆنگرەی ١٥ی حیزب بکەمەوە. منیش لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرم کە هێندێک تێبینی و ئەزموونی خۆم کە بە ساڵانێکی دوور و درێژ کۆ بۆتەوە لە خزمەت ئێوەدا باسی بکەم.

پێویستە لە سەرەتای بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەماندا ئاماژە بە دوو کەموکورتی و بۆشایی گەورە بکەم: ١ـ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانمان کە لە ریزی ئەو حیزبەدا تێکۆشاون، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا شەهید بوون یان فەوتیان کردوە و زۆر بە داخەوە لە ریزی حیزبەکەماندا نەماون.

٢ـ کۆنگرەکەمان لە ئەندامانی دڵسۆز، تێکۆشەر و بوێری حیزبەکەمان کە لە ژێر هەموو سەختی و مەترسییەکدا لە ناوخۆی وڵات تێدەکۆشن، بێبەشەو بەداخەوە بە هۆی ئەو هەلومەرجەی کە هەمانە نەمانتوانیوە لە کۆنگرەکەماندا بەشداریان بکەین. هیوادارم لە کۆنگرەی ١٦ی حیزبدا ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکرێتەوە.

سێ ساڵ پێش ئێستا کاتێک کۆنگرەی ١٤ی حیزبەکەمان بەڕێوە دەبرد، هێندێک کەسایەتی و لایەنی دڵسۆز و بەرچاو پەیامی پیرۆزباییان بۆ کۆنگرەکەمان نەناردبوو، بەڵام ئێستا دەیان پەیام و راسپاردە بە کۆنگرەکەمان گەیشتوە. دیارە من ناڵێم ئێمە بە تەواوەتی راسپاردەکانی کۆنگرەمان بە ئەنجام گەیاندوە_ چونکە هەر حیزبێک و تەنانەت هەر دەوڵەتێکیش کەموکورتیی دەبێ_ بەڵام گرینگ ئەوەیە کە لە هەڵسەنگاندنی نێوان کەموکورتی و دەستکەوتەکانماندا بەو دەرئەنجامە بگەین کە سەرکەتوو بووین. دیارە چەند خاڵێکی گرینگ کە بۆ ئێمە ئەرک بوو توانیومانە تا رادەیەک بەرەو پێشیان ببەین.

١ـ لە باری پتەو کردنی ریزەکانی حیزب و ئازادیی تاکی حیزب لە رادەربڕین دا، تەنانەت ئەو جێگایە پێشڤەچووین کە لە رادەی ئازادیی تاک لە نێو حیزبێکی سیاسی دا تێپەڕی. دیارە ئێمە خۆشحاڵین کە ئەندامانی حیزبمان بە هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکەوە دەتوانن لە نێوخۆی حیزب و تەنانەت زۆر جار لە دەرەوەی حیزبیشدا بیروڕای خۆیان بخەنە بەرباس و داکۆکیشی لێ بکەن.

٢ـ بەهێز کردنی (تەبایی) ریزەکانی بزووتنەوەی کورد لە نێوخۆی وڵات کە ئەم بەهێز بوونە جگە لە (دروستکردنی) کۆدەنگیی سیاسی ڕێگایەکی دیکەی نیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لەو پێوەندییەدا نەتەنیا لە لایەنەکانی دیکە وەدوا نەکەوتوە، بەڵکوو ئاڵاهەڵگر و پێشەنگ و بنکەی کۆکردنەوەی لایەنەکان بووە و توانیوێتی تا رادەیەک بۆشایی یەکگرتوویی ناو ریزەکانی بزووتنەوەی کورد پڕ بکاتەوە.



**بەهێز کردنی (تەبایی)ریزەکانی بزووتنەوەی کورد لە نێوخۆی وڵات کە ئەم بەهێز بوونە جگە لە (دروستکردنی) کۆدەنگیی سیاسی ڕێگایەکی دیکەی نیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لەو پێوەندییەدا نەتەنیا لە لایەنەکانی دیکە وەدوا نەکەوتوە، بەڵکوو ئاڵاهەڵگر و پێشەنگ و بنکەی کۆکردنەوەی لایەنەکان بووە و توانیوێتی تا رادەیەک بۆشایی یەکگرتوویی ناو ریزەکانی بزووتنەوەی کورد پڕ بکاتەوە**

٣.ئێمە وەک کورد لە وڵاتێکدا دەژین بەناوی ئێران. راستە بەشێک بە ناوی کوردستانمان هەیە بەڵام دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە کوردستان چوار پارچەیە. هەروەها دەبێ ئەوە بزانین کە هەر گۆڕانێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا تەئسیری راستەوخۆی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە.

هەر بەم خاترە ڕێبەریی حیزب هەوڵی زۆری دا کە بچێتە نێو ئەو گەمە سیاسییەوە، و تا رادەیەکیش سەرکەوتوو بوو. دیارە هەڵوێستەکانمان لە رابردوودا، لە سەرەتادا بۆ زۆر لایەن قبووڵ نەدەکرا. بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان راست و ئەقڵانییە.

لە باری دیکەوە بە هەوڵی هەموو لایەک و بە تایبەتی بە هەوڵی هاوڕێیانمان لە دەرەوەی وڵات و لە سەرووی ئەوانەدا بە هەوڵی کۆمیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات، توانیومانە لە باری دیپلۆماسییەوە بەرەو پێش بچین. دیارە هەر وەک بۆ خۆتان دەزانن لە دنیای ئەمڕۆدا دیپلۆماسی بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی پێک دێنێ. ئەزموون نیشانی داوە کە ئەگەر ئێمە سەرکەوتووش بین، دیسان بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی پێویستیمان بە یارمەتیی دەرەکی هەیە. راستە کە ئەو وڵاتانەی کە(تا ئێستا) پێک هاتوون، (پێکهاتنیان) بەرهەمی هەوڵدانی نەتەوەکەیان بووە بەڵام ئەو نەتەوانە بە بێ رەزامەندیی نێونەتەوەیی نەیانتوانیوە بە شێوەی پێویست ئازادی و سەربەستی دەستەبەر بکەن.

لە کۆتایی دا هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەمان دەخوازم و هیوادارم ڕێبەریی تازە هەرچی زیاتر بتوانێ ئەرک و راسپاردەکان بە ئەنجام بگەیەنێ.

— — — — — — — — — — —

درێژەی:

## وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب

## لە جیژنی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٥ دا

لە پێناو هاوسەنگ کردنی ئاستی خەباتی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا تێبکۆشین. بەم مەبەستە کۆنگرە باسێکی تایبەتی لەسەر پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام هێنایە گۆڕێ تا بە دانی قورساییەکی زۆر بەو پارێزگایانە بتوانێ جوغرافیای خەباتی نەتەوەیی بەرفراوان بکات و توانایی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەرچی زیاتر بباتە سەرێ. کۆنگرە بۆ جارێکی تر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە گوتار و بەرنامەی حیزب دا نابێ نەتەوەی کورد بەسەر شیعە و سوننی دابەش بکرێت. دیارە لەمێژە لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا فرەچەشنێکی فیکری و ئایینی جێی گرتوە. ئێمە هیوادارین حیزبی دێموکڕات پەرە بەو ئەقڵانیەتە بدات کە فرەچەشنیی کۆمەڵگەی کوردستان مایەی بەهێزبوونی شوناسی نەتەوەیی یە. ئێمە لە پێناوی کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکان و ڕێککەوتنیان لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشین.کۆنگرە لەو بڕوایە دابوو کە ئێمە توانیومانە لە زۆر بارەوە تەمومژەکان بڕەوێنینەوە و شوێنەواری لەت بوونەکان کەم بکەینەوە. دیارە یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکانی کورد پەیامێکی رۆحیی گەورە بە خەڵک دەدات و توانایی بزووتنەوەی کورد لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەباتە سەرێ. بەم پێیە لەسەر راسپاردەکانی کۆنگرەی ١٥، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داهاتوودا لە سەر هەوڵدان لە پێناوی یەکگرتوویی نەتەوەیی دا بەردەوام دەبێت و تێدەکۆشێ لەو پێناوەدا شێوازی جۆراوجۆری لێک نزیک بوونەوە موتالا بکات.

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەڵسەنگاندنی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا، دانی بەو راستییە دا ناوە کە هۆکاری سەرەکیی سەرنەکەوتنی خەڵکی ناڕازی بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا، نەبوونی یەکگرتوویی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. لەم پێوەندییەدا کۆنگرەی ١٥ی حیزب دوای باسێکی زۆر بەو ئامانجە گەیشت کە پێویستە کۆمیتەی ناوەندی لە پێناوی یەکگرتوویی هێزە دێموکرات و مافخوازەکان دا، مکانیزمی جۆراوجۆری لێکنزیکبوونەوە موتالا بکات.

**هاوولاتانی بەڕێز! دۆستان! تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

ئەرک و راسپاردەکانی کۆنگرەی ١٥ی کە باسیان لێوە کرا تەنیا کاتێک جێبەجێ دەبن کە سەرجەم دۆستان و ئەندامانی حیزب بە هاوبەشیی یەکتر کاریان بۆ بکەن. هیوادارم کۆنگرەی داهاتووی حیزب لە نێوخۆی وڵات بگیرێ و لەوێدا بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و تێکڕای ئەوانەی لە پێناوی ئامانجەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشاون تێیدا بەشدار بن. بۆ جارێکی دیکە هیوادارم ئاوات و ئامانجەکانی هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی بە تایبەت ئامانجەکانی سێ ڕێبەری شەهیدمان قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی، بێتەدی.

# پەیامی کۆنگرەی پازدەیەم
# بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە،
**هاوڕێیانی بەڕێز!**

وەک ئاگادارن حیزبەکەمان لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠ی هەتاوی دا کۆنگرەی پازدەیەمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و نوێنەرانی کۆنفرانسەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات و هەروەها میوانانی بانگهێشتکراو دەست پێ کردو پاش ٧ ڕۆژ باس و لێکدانەوەی سیاسی و ڕێکخراوەیی لەسەر بابەتی جۆراوجۆری وەک ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی ، پێڕەو و پرۆگرامی حیزب و هەندێک بابەتی دیکەو بڕیاردان لە بارەیانەوە لە کۆتاییشدا هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی نوێ، سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی بەستنی ئەم کۆنگرەیە، پێویستییەکانی، ئاکام و ئەو چاوەڕوانییانەی لە نێو ئەندامان، لایەنگران و بە گشتی خەڵکی کوردستاندا پێکیان دێنێ، چەند خاڵێک جێگای باس و تێڕامانن کە بە کورتی بریتین لە:

١ـ کۆنگرەی ١٥ لە هەلو مەرجێکدا پێکهات کە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر ئەو پەیامەیان دەدا کە جیهان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاقارێک دا دەڕوا کە لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئێمەی کورد هاو ئاراستەن. شەپۆلی دێموکراتیزاسیۆن، ڕووخانی دیکتاتۆرەکان و دابین بوونی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی هەندێک لە نەتەوە بندەستەکان بۆ خەباتی دێموکراتیک و ڕزگاریخوازانەی ئێمە هیوا بەخشن و مزگێنیدەری سەردەمێکی نوێ و داهاتوویەکی گەشن. بەڵام مەرجی سەرەکیی گەیشتن بە ئامانجەکانمان لەم هەلومەرجە مێژووییەو، قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە، بێ گومان خۆڕێکخستن و ئامادە بوونمانە لە هەموو بوارە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا. کەوابوو ئەرکی سەرشانی هەموومانە لە هەموو کاتێک هوشیارانەتر چاوەدێریی ڕووداوەکان بکەین و ڕیزەکانی خۆمان بەتایبەت لە ڕێکخستنە نهێنییەکانیدا توکمەتر و بە بەرنامەتر بکەین و لە بەر ڕووناکایی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە بە چالاکییەکانمان بدەین و گوڕو تینێکی نوێیان پێ ببەخشین.

٢ - هاوڕێیان ! کۆنگرەی پازدە لە ژێر دروشمی خۆ ئامادە کردن بۆ تێکۆشان لە هەلومەرجی نوێی کوردستان و ئێران و ناوچەدا کۆمەڵێک بڕیاری نوێ و ڕاسپاردەی گرینگی هەبووە کە پێشاندەری خوێندنەوەی ورد و ڕاستبینانەی کۆنگرەیە سەبارەت بە رووداو و گۆڕانەکانی دەوروبەرمان. هەروەها سەلمێنەری ویست و تێگەیشتنی قووڵی حیزبەکەمانە لە پێویستیی درێژەدان و جێگیرکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٤ و سیاسەتە دروست و بنەماییەکانی پێشووی حیزب و، هەروەها پێداچوونەوە بە کەم و کۆڕییەکانمان لە ماوەی نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا.

**مەرجی سەرەکیی گەیشتن بە ئامانجەکانمان لەم هەلومەرجە مێژووییەو، قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە، بێ گومان خۆڕێکخستن و ئامادە بوونمانە لە هەموو بوارە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا. کەوابوو ئەرکی سەرشانی هەموومانە لە هەموو کاتێک هوشیارانەتر چاوەدێریی ڕووداوەکان بکەین و ڕیزەکانی خۆمان بەتایبەت لە ڕێکخستنە نهێنییەکانیدا توکمەتر و بە بەرنامەتر بکەین و لە بەر ڕووناکایی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە بە چالاکییەکانمان بدەین و گوڕو تینێکی نوێیان پێ ببەخشین**

٣ - بەڵام ئەمجارەش بابەتێک کە بوو بە جێگای داخی هەمووومان ئەو بەربەستانە بوون کە ڕێگایان پێ نەدان هاوڕێیانی نێوخۆمان لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بکەین. زاڵبوونی هەنووکەیی کەشوهەوای ئەمنییەتی بەسەر وڵاتەکەمان و پێویستیی پاراستنی ئاسایش و گیان و ژیانی هاوڕێیانی نێوخۆمان دیسان کۆنگرەکەمانی لە ئامادە بوونی نوێنەرانی ئێوەی تێکۆشەر بێبەش کرد. بەڵام وەک هەمیشە ئەندامانی کۆنگرە هەوڵیان دا ڕوانگە و تێبینییەکانی ئێوە لەسەر باس و بڕیارەکانی کۆنگرە شوێن دابنێن. بەو هیوایە کە بەو هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی هەمووومان بتوانین هەل و مەرجێکی وا بخوڵقێنین کە کۆنگرەی داهاتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کەشوهەوایەکی دێموکراتیکدا بە بەشداریی ئازادانەی نوێنەرانی هەموومان ببەستین.

لە کۆتاییدا دڵنیاتان دەکەینەوە کە کۆنگرەی ١٥ سەرلە نوێ پێی لەسەر پێویستیی دابین بوونی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەکەمان داگرتەوە و دەروەست بوونی حیزبی سەبارەت بە وەدیهێنانی ئامانجەکانمان دووپات کردەوە و ئەو قسەیەی ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملووی شەهیدی وەک چرای ڕووناکیدەری ڕێگای خەباتمان دەست نیشان کردەوە کە دەڵێ: «ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە»

سەرکەوتن بۆ ئێوە و حیزب و خەباتە مافخوازانەکەمان

**کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

# پەیام بۆ حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە تریبونی کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە سڵاوی هاوخەباتی بۆ ئێوەی بەڕێز دەنێرین. هیوادارین هەمووومان پێکەوە لە خەباتی نەتەوەییمان دا سەرکەوتوو بین و بتوانین مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەبەر بکەین.

**بەڕێزان!**

کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرنجدان بەو ئاڵوگۆڕانەی لەم دواییانەدا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ڕوویان داوە و ئەو شەپۆلەی کە زۆر وڵاتی ئەو ناوچەیە بەرەو ڕزگاریی گەلان لە چنگ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی وەڕێ کەوتوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم شەپۆلە درەنگ یا زوو ئێرانیش دەگرێتەوە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم بارودۆخە، چالاکتر بوونی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە لایەک و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکی دیکەوە وەک پێویستیەکی گرینگ خۆ دەنوێنێ. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی کە لە خەبات دژی سەرەڕۆیی جێگە و پێگەی هەبێ و، بتوانێ لە پێکهێنانی هاوپێوەندی و هاودەنگیی دیموکڕاتیک لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی غەیری کورد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی و، دابین کردنی پێویستییەکانی هێنانە سەرکاری سیستمێکی دێموکڕاتیک لە ئێرانی داهاتوو دا وەک فاکتۆرێکی گرینگ حیسابی لەسەر بکرێ و بە بارستایی خەباتی دەیان ساڵەی خۆی دەسکەوتی نەتەوەیی بە دەست بێنێ، دەبێ یەکگرتوویی و چالاکیی زیاتر لەخۆی نیشان بدا. شک لەوەدا نیە کە مەرجی سەرەکیی ئەم چالاکییەش هاودەنگی و یەک هەڵوێستیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای بەداخ بوون لە پێک نەهاتنی وەها هاودەنگی و هاوهەڵوێستییەک تا ئێستا، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان هێز و لایەنەکانی کوردستاندا هەن کە دەتوانن ببنە بەردی بناغەی ڕێککەوتن. پێویستە بە بێ خستنە پەراوێزی هیچ لایەنێک ئەو خاڵە هاوبەشانە بکەینە بنەمای هاوپێوەندییەکی هەمە لایەنە، بەم مەرجە کە هەموو لایەک قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشتی بخەنە پێش قازانج و بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی.

پێکهێنانی ئەو هاوپێوەندییە دەگەڵ ئەوە کە خەڵکی کوردستان بەگشتی هیوادار و دڵخۆش و پڕ گڕ و تین دەکا، قورسایی کورد و پرسە ڕەواکەشی لە ڕوودا و ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران دا بە شێوەیەکی بەرچاو دەباتە سەر و ئەو نەتەوە زۆرلێکراوە لە سەرکەوتنی یەکجاری نزیکتر دەکاتەوە. بە هیوای هەنگاونانی هەموو لایەکمان لەم پێناوە دا.




**کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

# پەیامی کۆنگرەی پازدەیەم بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان نیزیک بە ٦٦ ساڵە لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکان و مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی ئێوەدا خەبات دەکا. بۆ ئەم حیزبە شانازییەکی گەورەیە کە لەو ماوە دوور و درێژ و پڕ هەوراز و نشێوەدا هەمیشە لە پشتیوانیی بێدریغی ئێوە بەهرەمەند بووە. ئەم حیزبە هێز و توانای مادی و مەعنەوی و تەنانەت سەرمایەی ئینسانیشی هەر لە دەریای بێ بڕانەوەی بەخشەندەیی ئێوە دابین کردوە.

ئەم دیاردەیە لە بەر ئەوە جێگای شانازییە کە نیشاندەری پشتیوانیی ئێوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانە و دەری دەخا کە ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکانتان لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکرات دا بەدی دەکەن و بە شیاوی ئەوەی دەزانن ئەمانەتی دیفاع لە ماف و ئازادییەکانتانی پێ بسپێرن.

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەر پێویستیی کەلکوەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ بردنە پێشی پرسی کورد لە ئێران پێی داگرتەوە. کۆنگرە، لە کاتێک دا سڵاوی وەفا و ئەمەگناسیتان پێشکەش دەکا، بەڵێن دەدا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوارۆژیش دا هەروا تێکۆشەری نەسرەوتووی ڕێگای بەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانتان بێ و هەوڵ دەدا وەک رابردوو جێگای متمانە و باوەڕی ئێوە بێ.

سڵاو لە پشتیوانیی بێدرێغی ئێوە و بە ئاواتی سەرکەوتنی ویست و داخوازە ڕەواکانتان.

**کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

# پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بۆبەڕێز سەرکردایەتی و ئەندامانی کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیوادارین کۆنگرەکەتان سەرکەوتووانە کۆتایی پێبێت و بە بڕیار و راسپاردەی پێویست ئاکامەکانی دەوڵەمەند بکرێت.

**هەڤاڵانی بەڕێزی کۆنگرە!**

بارودۆخی ئێستای جیهان بە گشتی و ناوچەکە بە تایبەتی هەڵوێستە و خوێندنەوەیەکی نوێی پێویستە و بە تایبەتیتریش بارودۆخی گەلی کوردمان لەگەڵ رووداو و ئاڵوگۆڕیەکانی دەسەلات و رژێمەکانی وڵاتی عەرەبی و ناوچەکە و تێگەیشتن و پێگەیشتن و بەهاوتەریبی رۆیشتن لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکان بووەتە فاکتەرو زەرورەتی تێکۆشانی ئەم قۆناغەی ئێستای خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی. زمانی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن و یەکتر قبوڵکردن نیشانەکانی سەردەمن و مەرجی راکێشانی پشتوانەی دەرەکین بۆ ئامانج و بۆچوونەکان و کات کاتی پێکەوە ژیانی جیاوازیەکانە.

هەلومەرجی ناوچەکەش تەبایی و هاوکاری و هاوخەباتی دەخوازێ ئەمەش بە نەخشەڕێ و پلانی واقیعی دوور لە خەیاڵ و زانینی تواناکان لە هەموو بوارەکاندا لە بواری کردەنیدا رەنگ دەداتەوە. ماف پێشێلکردن و یا زەوتکردنی سەردەمی بەسەر چووەو دەنگە دلێرو حەقخوازەکان لە نێو جەماوەرو نێوەندە دەسەلات بە دەست و نێودەوڵەتیەکانەوە گوێگرو پاڵپشتی هەیە، گەلەکەمان لە هەموو پارچەکاندا زۆر ئاست و قۆناغی دژواریان تێپەڕاندوە و پانتایەکی بەرچاویان لە مەیدانی سیاسەتی دەولی بەرەو ئاراستەیەکی ئەرێنی و بە سوودی کێشە رەواکانی گۆڕیوەو کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەربەستی سەختی دروست کراوی هزری شۆفێنیەکانی بەشێک لە دەسەلات بەدەستانی ئەم وڵاتانەی رووخاندوە، رووخاندنی ئەم بەربەست و ئاستەنگانە کارێکی سەخت و پڕ لە قوربانی بوو بەلام دروست کردنی پەیوەندی و راستەڕێ کردنی جەماوەری گەلەکەمان و نەتەوەکانی دیکەش ئەرکێکی دیکەی نەتەوایەتی قورسە دەبێ ئەنجامی بدەین و بەشێکە لە پرۆسەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتیمان و بۆ کورت کردنەوەی رێگای خەبات و کەمکردنەوەی زەحمەت و قوربانیەکان.

ئێمەش لە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر وەکوو لە کۆنگرەی سێزدەهەممماندا بڕیارمان لە سەر داوە برەودان بە پتەوکردنی پێوەندی برایانە و پشتگیری و هاریکاریکردن لەگەڵ سەرجەم حزب و رێکخراوە دیموکرات و ئاشتیخوازەکان و رەوەندی کوردیدا، تا بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئامانجە نەتەوەییە رەواکانی نەتەوەی کورد بەدی بهێنرێن و کلتوری دیالۆگ و لێبوردەیی لە ناو ماڵی کورد دا بڵاوبێتەوە و پەنابردن بۆ توندوتیژی حەرام بکرێ و هەروەها پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانە لە نێوان هەرێم و وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای پرەنسیپی بەرژەوەندی هاوبەش و رێز لە یەکترگرتن و دراوسێیەتی باش و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر و چارەسەر کردنی ئاریشە و گرفتەکان بە شێوازی ئاشتیانە و بە پێی بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی.

دووبارە پیرۆز و سەکەوتوو بێ کۆنگرەکەتان.

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**

# پەیامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**بەڕێزان!**
**ئەندامانی پانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

سڵاوێکی دۆستانەی گەرم و هیوای سەربەرزیتان بۆ دەخوازین.

**ئازیزان!**

لە هەلومەرجێکدا حیزبە تێکۆشەرەکەتان کۆنگرە دەبەستێت، رۆژهەلاتی ناوەڕاست، بە قۆناغێکی دژوارو هەستیارو کەیلی کێشمەکێشمدا تێدەپەڕێ. ئاماژە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی رووداوەکانی ناوچەکە، دەروازەی گەیشتنی شەپۆلەکانی دیموکراسی لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەلات، بەڵکوو بەرەو تەواوی جیهانی دواکەوتوو، بۆ بەدیهێنانی مافە دیموکراسیەکان، دەخاتە سەر گازی پشتی قۆناغێکی مێژوویی نوێی جیاواز لە قۆناغەکانی سەدەی رابردوو. ئومێدەوارین کۆنگرەکەتان، خوێندەوەیەکی هەمەلایەنەی بۆ کاریگەریەکانی جیهانگیری سەردەم و راچڵەکینی گەلانی رۆژهەلاتی هەبێ و سەرەنجام، بتوانین سیاسەتی دوای کۆنگرەتان، باشتر لە رابردوو، لەگەڵ گیانی سەردەمدا، بۆ ئامانجە دوور و نزیکەکانی دیموکراسی نەتەوەکەمان، گونجاوبێت، چونکە لاتان ئاشکرایە کە ئەرکی سیاسەتی سەردەمەکە، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەرکە سیاسیەکانی سەردەمەکانی دیکەدا، هەیە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەکو هەمیشە، پشتیوانی بەدیهێنانی مافە دیموکراسیەکانی گەلانە، نەخوازەڵلا نەتەوەکەی خۆمان، بەڵکو لەم بارەوە، لەجێنەجێکردنی ئەرکەکانیشی درێغی نەکردووە.

هەڵبەتە، لای بەڕێزیشتان ئاشکرایە کە لە باشووری کوردستاندا، لە سێ دەهەی رابووردودا، کوردایەتی و دەسەلاندارێتی هەورازو نشێوی زۆری پشت سەرناوە و هەڵچون و داچوونی زۆریشی دیوەوە، بەڵام خۆشبەختانە، بەدەرس وەرگرتن لە هەڵەکان و دەست پێوەگرتنی رێبازی دیموکراسی و پێشکەشکردنی خزمەتێکی فراوان لە کوردستاندا، توانیومانە لەبەردەم ویژدان، زیندوان و شەهیدان و دڵسۆزاندا، خۆمان و دۆستانمان سەربەرز رابگرین و بۆ جیهانیشی بسەلمێنین کە کورد، هەر هەلێکی بۆ هەڵبکەوێ، دەتوانێ لە دژوارترین رۆژگاردا، ئەزموونی دیموکراسی سەربخات و کاروانی ئازادی و ئاوەدانییش، هەر بەردەوام بێ. دڵنیاین ئەم راستیانە، مایەی شانازیی ئێوەشە.

جارێکی دیکە، بەناوی مەکتەبی سیاسیی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ەوە، رێگەمان بدەن پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەتان بکەین و ئاواتی سەرخستنی بەرنامەکانی بخوازین.

هەرشاد و سەربڵندبن.

**مەکتەبی سیاسیی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**٢٠١١/٥/١٨**
**کوردستان - سلێمانی**

# پەیامی پارتی ئاشتی و دێموکراسی

دیارە خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی و دێموکراسی لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بەردەوامە و ئێمە لە سەر ئەو باوەرەین کە هەموو خەباتە دێموکراتیک و ئازادیخوازەکان پێکەوە بەستراونەتەوە. کەوابوو هاوپێوەندی لە نێوان هەموو رێکخراوە کوردییەکان شتێکی پێویست و حەیاتییە. ئێمە لە سەر ئەو باوەرەین کە هاوکاری و هاوپێوەندی نەتەوەیی، ئامانجی سەرەکی لە ئاست بەرژەوەندی و ئازادی کوردەکانە.

بەتایبەتی گەلی کورد لە ئێران دا لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ فشار و توندوتیژی بەرەوروویە و سەدان کەس لە سیاسەتوانانی کورد لە ژێر هەرەشەی ئێعدام دان. تەنانەت ئەو ئێعدامانە دەبێ هۆیەکی سەرەکی بن بۆ یەکگرتوویی ئێوە. کوردەکان جگە لە خەبات و تێکۆشان دژی دیکتاتۆری هیچ رێگایەکی دیکەیان نییە.

لەو پێوەندییەدا خەباتی حدک دژی رێژیمی سەرکوتکەر نەتەنیا هیوایەکە بۆ گەیشتن بە ئازادی لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو دەرفەتێکە بۆ پێکهێنانی هاوپێوەندی نەتەوەیی. حیزبی ئێمە ئامادەیە بۆ پێکهێنانی پێوەندییەکی قاییم لەگەڵ ئێوە و کوردەکانی ئێران.

پیرۆزبایی پێکهێنانی کۆنگرەی ١٥تان لێدەکەین و سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو سیاسەتوانانەی کە بەناوی گەلی کورد لە ئێران دا خزمەت دەکەن.

لەگەڵ رێزم دا

**حەمید گەیلانی**
**جێگری سکرتێری گشتیی**
**پارتی ئاشتی و ئازادی**
**(باکووری کوردستان)**

# چەند بەشێک لە پەیامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK)

**بەڕێزان: رێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

**ئەندامان و میوانانی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!**

سەرەتا سڵاو و رێزی گەرمتان ئاراستە دەکەین و بە بۆنەی بەستنی ١٥یەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان، پیرۆزبایی گەمی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەندامانی کۆنگرە دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

تێکۆشانی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بە قۆناخێکی زۆر ناسک و چارەنوسسازدا تێپەڕدەبێت.

ئێمە وەک کۆما جڤاکێن کوردستان هەر لەو قۆناخە هەستیارەدا کۆبوونەوەی ئاسایی هەشتەمینی کۆنگرەی گەلی کوردستانمان بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبرد و بڕیاری زۆر گرینگمان بە نیسبەتی ئەو قۆناخە و داهاتووی گەلی کورد وەرگرت. دیارە هاوکات بوونی هەشتەمین جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل، لەگەڵ کۆنگرەی ١٥یەمینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی دەکەین. ئەوە نیشاندەری هەستیاری بەڕێزتانە بۆ ئەو قۆناخە و هیوادارین بە هەستی بەرپرسیاری مێژووییەوە کۆنگرەکەتان ئەرکەکانی قۆناخ دابڕێژێت.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە رەوشی گەلی کورد و دەسکەوتەکانی لە لوتکەدایە و جێی شانازی پێوەکردنە و هاوکات ئەگەر هەڵەیەکی ستراتیژی نەکەین، دەتوانێت سەرکەوتنی گەلەکەمان مسۆگەر بکات، هاوکات گەلانی هەرێمەکە لە پێناوی ئازادی و یەکسانی و دێموکڕاسی لە راپەڕیندان؛ بەڵام وەکو گەلی کورد پێویستە سێ بابەتی گرینگ لەبەر چاو بگرین:

یەکەم: لە رەوشی گوڕانگاری بنەڕەتی لە خۆرهەلاتی ناویندا، ئایا پێگە و داهاتوی گەلی کورد چۆن دەبێت و سەرڕای تایبەتمەندیی جیاواز لە هەر پارچەیەک، پرسی نەتەوەیی کورد بە چ رێنومایییەک چارەسەر بکرێت.

دووەم؛ لەگەڵ ئەوەی کە ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتی تێکۆشانی ئازادیخوازی و دەسکەوتەکانی گەلی کورد لەگەڵ هیچ قۆناخێکی مێژوو بەراورد ناکرێت، هاوکات ئەو دەسکەوتانەی باشووری کوردستان، ئەو دەرفەتانەی کە لە باکوور و رۆژئاوا و هاوکات رۆژهەلاتی کوردستانیشدا لە ئارادایە، ئایا کورد دەتوانێت دەرکەوتنێکی تازە بکات؟ دەرکەوتنێکی تازە بۆ کورد چۆن دەبێت؟

سێهەم: پرسی یەکیەتیی نێوخۆیی لە کوردستاندا واتا کۆبوونەوەی کۆنگرە یان پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی و دیموکراتی کە هاوکات لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لەخۆ بگرێت ئەرکی ئەو قۆناخەیە. ئەوە هاوکات ویست و داخوازی سەرەکیی گەلی کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

ئێمە وەکوو کۆما جڤاکێن کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیژی نەتەوەیی و دێموکراتی کە باوەڕمان پێیەتی، بۆ هەر ئەرکێک لەهەر شوێنێکی ئەو وڵاتە کە لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و ئازادیی گەلەکەمان بکەوێتە سەر شانمان، ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین و پشتیوانی هەر هەوڵدانێکی لەو شێوەیەش دەکەین.

هیوادارین کە کۆنگرەی ١٥یەمینی حیزبەکەتان بە سەرکەوتوویی ئەرکەکانی قۆناخ دەستنیشان بکات و لە جێبەجێکردنیشیدا سەرکەوتوو بێت. بە ئومێدی سەرکەوتن، جارێکی دیکە کۆنگرەکەتان پیرۆز دەکەین و سڵا و رێزی گەرمتان ئاراستە دەکەین.

لەگەڵ سڵا و رێزی شۆڕشگێڕی

**کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن**
**کوردستان (KCK)**
**٢٥ی گوڵانی ٢٠١١**

# لیستی ئەو پەیامانەی بۆ کۆنگرەی ١٥ هاتوون:

## لایەن و کەسایەتییە کوردستانیەکان:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)
٢- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)
٣- حیزبی شیوعیی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)
٤- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)
٥- پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)
٦- یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)
٧- بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)
٨- حیزبی رزگاریی کوردستان (رێکار ئەحمەد – سکرتێری گشتی)
٩- حیزبی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سووریە - یەکێتی (نوێنەرایەتی هەولێر)
١٠- پارتیا رێکەڤتنا دیموکراتا کوردستان – سووریە (مەکتەبی سیاسی)
١١- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (مەکتەبی پێوەندییەکان)
١٢- لیژنەی ئەنجومەنی سیاسی کورد لە سوریا
١٣- حیزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)
١٤- حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)
١٥- لێژنەی سیاسیی پارتی یەکیەتیی کورد لە سوریا
١٦- یاری کورد
١٧- پارتی دیموکراتی کوردستان _ باکوور
١٨- پارتی چەپی کورد لە سوریا_ قامیشلی
١٩- کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کورد و کوردستانی لە سوئید
٢٠- کۆڕی کوردەکانی دانیشتووی فەڕانسە_ یوسف ئەردەلان
٢١- کۆمیتەی ناوەندیی بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان
٢٢- کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان KCK
٢٣- حەمید گەیلانی، سکرتێری پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP)

کەسایەتییەکان:
١- احسان قادر وتەبێژی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان
٢- فەوزی رەمزی
٣- سارمەدین سادق وەزیری
٤- سەید حەسەن هاشمی

## لایەن و کەسایەتییە بیانییەکان:

١- لۆرد ئێڤبێری
٢- مارک وان ویرهام (جێگری ماریە تیج شاکە ئەندامی پارلمانی ئوروپا) لە حیزبی دێمۆکراتی هولەند ، بەرپرسی بەشی مافی مرۆڤ لە کەیسی ئێران لە پارلمان
٣- ئاکسیل هاگین (حیزبی چەپگەرای سوسیالیستی نۆروێژ)
٤- بارت ووت ، سکرتێری پێشووی یەکێتیی لاوانی لیبرال - ئەنتێرناشنال
٥- شیری لایزێر (نووسەرو کارناسی خورهەلاتی ناوەڕاست)
٦- فردریک مالم (وتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی حیزبی لیبرالی گەل لە سوئید و ئەندامی پارلمان)
٧- هانس لیندێ (وتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی حیزبی چەپی سوئید)
٨- کارین یەمتین (سکرتێری حیزبی سوسیال دیموکراتەکانی سوئید)
٩- ئا. ڤان دێر بێلێن (کەسی دووهەم لە حیزبی سەوزەکانی ئوتریش)
١٠- دوکتور بێرنارد گرانژۆن و سەرجەم پزیشکانی جیهان
١١- ژێرار شالیان کەسایەتیی فەرانسەیی و دۆستی دوکتور قاسملوو
١٢- خاتوو دێکرێ وارنێر سەرۆکی رێکخراوی ژنیڤا کاڵ
١٣- جێرمی کۆربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ
١٤- لوئیس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئەنتێرناشنال – سۆسیالیست
١٥- پارتی خەڵکی مەسیحیی نۆروێژ

## لایەن و کەسایەتییە ئێرانییەکان:

١- جبهەی دمکراتیک مردمی احواز
٢- جنبش ملی بلوچستان
٣- کمیتە هماهنگی شورای موقت سوسیالیستهای چپ ایران
٤- سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت)
٥- سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران
٦- حزب تودەی ایران
٧- علیرضا نوری زادە
٨- ضیاء صدر اشرافی
٩- حزب صلح و دمکراسی
١٠- حسن ماسالی
١١- مهران ادیب
١٢- سیروس آموزگار
١٣- سیروس ملکوتی
١٤- مجید مشیدی
١٥- عباس خرسندی دبیر کل حزب دموکرات ایران
١٦- کمیتە تدارکات همبستگی برای دموکراسی و حقوق بشر
١٧- شورای مرکزی جبهە دموکراتیک ایران شاخە خارج از کشور
١٨- حمید حمیدی
١٩- شورای هماهنگی جنبش جمهوریخواهان دمکرات و لائیک ایران
٢٠- شورای مرکزی جبهە دمکراتیک ایران شاخە خارج از کشور
٢١- کمیتە تدارکات همبستگی برای دمکراسی و حقوق بشر

## حیزب و لایەن و کەسایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان:

١- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان (کومیتەی ناوەندی)
٢- کۆمەلە - رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران
٣- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٤- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران (کومیتەی ناوەندی)
٥- پارتی سەربەستی کوردستان
٦- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
٧- رێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان (کومیتەی ناوەندی)
٨- کومیتەی کەمپەینی یەکبوون
٩- رێکخراوی خوێندکاران و ئاکادمیسیەکانی کورد لە دانمارک
١٠- کۆمەڵەی ئینساتیف لە دانمارک

کەسایەتییەکان:
١- هاشمی کەریمی
٢- عزیز ماملی
٣- هاشم احمد زادە
٤- پرۆفیسۆر ئالان دیلانی
٥- انور سلطانی
٦- شادی ابراهیم خاص

## چەند بەشێک لە پەیامی کۆمیتەی هاوئاهەنگیی شووڕای کاتیی سۆسیالیستە چەپەکانی ئێران

**دۆستانی بەڕێز!**

سڵاوی گەرموگوڕی خۆمان بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەتان پێشکەش بە ئێوە بەشداربووان دەکەین و هیواداریین لە بڕیاردان و دارشتنی سیاسەتەکانی داهاتووتاندا سەرکەوتوو بن.

کۆنگرەکەتان لە هەلومەرجێکی تایبەتی لە مێژووی ئێران و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا بەڕێوەدەچێ. کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر کاتێکی‌تر لە گەمارۆی گێروگرفت و تەنگوچەڵەمەگەلێک دایە کە ناتوانێ لێی قورتار بێ. درێژەی بەرخۆدانی خەڵک لە شکڵ و شێوازە جۆراوجۆرەکانی وەک نارەزایەتی دەربڕین و جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها داخوازییەکاندا، سەرەڕای سەرکوتی توند و پەرەسەندنی پانتایی گوشارەکان، قۆڵبەست و ئەشکەنجە و لە سێدارەدان و توندبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو دەسەڵات لە لایەکی‌ترەوە، بەکردەوە یەکگرتوویی ناو رێژیمی لێک پساندووە.

بە سەرنجدان بەم ئەزموونە گەورەیە، هێزە ئازادیخوازەکان لە ئێراندا دەبێ لە لایەکەوە خۆیان رێک بخەن و بە ئاراستەی هاوئاهەنگی چالاکییەکان، لێکنزیک بوونەوەکان و یەکیەتیی بەکردەوەی پێویست و شیاو هەنگاو بنێن و لە لایەکی‌ترەوە بۆ خستنەڕووی ئەلترناتیڤ و دوورەدیمەنێکی روون لە حکوومەتی داهاتوو هەوڵ بدەن.

بە بڕوای ئێمە کۆمارێکی فیدراڵی دیمۆکراتیک، سەربەخۆ و پشت ئەستوور بە جیایی دین لە دەوڵەت، ئەلترناتیڤێکە کە دەتوانێ سەبارەت بە پێویست بوونی دیمۆکراسی و گەشەی ئازادیی بەربڵاو و دابین کردنی مافی هاووڵاتییان، نەتەوە و قەومەکانی ئێران وڵامدەر بێ. دەستەبەر بوونی ئازادی و مافی هاووڵاتی و دابین کردنی مافە نەتەوەیی، کولتووری و زمانییەکانی قەوم و نەتەوەکانی ئێران، تەنیا ئامانجێکی هاوبەشە کە دەکرێ لە رێگەی خەباتی هاوبەشەوە بۆ گەیشتن بە دیمۆکراسی لە ئێرانێکی ئازاد و دیمۆکراتیک دا وەدی‌بێ.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە ساڵانێکی زۆر بە خۆڕاگری و لە پێناوی روخاندنی کۆماری ئیسلامی و دابین کردنی مافی نەتەوەیی و فەرهەنگیی هاونیشتمانانی کورد و پێکهێنانی ئێرانێکی ئازاد و دیمۆکراتیک دا خەباتی کردوە، بێگومان لە هەلومەرجی هەستیاری ئێستاداش، هەروا بە مانەوە لەم رێگەیەدا هەنگاو دەنێ. رێکخستنی خەبات بۆ لابردنی کۆماری ئیسلامی و جێگیرکردنی سیستمێک کە دابینکاری مافەکانی خەڵکی ئێران بێ، ئەرکێکە لە بەرامبەر تەواوی ئازادیخوازان و یەک لەوان حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە سەرکەوتن لە ئەرکەکانتان دا بۆ بەئاوات دەخوازین.

**کۆمیتەی هاوئاهەنگیی شووڕای کاتیی سۆسیالیستە چەپەکانی ئێران**

## پەیامی حیزبی چەپی سۆسیالیستی نۆروێژ بۆ کۆنگرەی پازدەیەمی حدک

**ئۆسلۆ، ٤ی مانگی مای ٢٠١١**

**پەیام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان**

حیزبی چەپی سۆسیالیستی نۆروێژ بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٥، لە ناخی دەروونەوە پیرۆزبایی خۆی پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکات.

بەو خەباتە دوور و درێژەی وەئەستۆی خۆتان گرتووە و بۆ هەموو شەهیدانی گەلی کورد ئەو پەڕی رێز دادەنێین. ماوەیەکی دوور و درێژە کە دەوڵەتی ئێران گەلی ئێوە سەرکوت دەکات و هیوادارم لە خەباتی خۆتان بۆ گەیشتن بە گشت مافەکانی فەرهەنگی، سیڤیل و ئازادیی سیاسی سەرکەوتوو بن.

حیزبی چەپی سۆسیالیستی نۆروێژ چاوەڕوانی ئەو رۆژەیە کە گەلی کورد لە ئێران لە بەرامبەر توندوتیژی و ئەشکەنجە و ئازاردا رزگار بێت و بتوانێ لە ئازادیی فەرهەنگی و سیاسی بەهرەمەند بێت. ساڵی رابردوو ئەو شانازییەمان پێبەخشرا کە لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبەکەتان چاوپێکەوتنمان هەبێ و بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە و خەباتی لە پێناو دابین کردنی مافی نەتەوەیی، لە ناخی دەروونەوە سەرکەوتنی بە ئاوات دەخوازین و بە دڵەوە چاوەڕوانی ئەوەین کە هاوکاریی نێوان دوو حیزبەکەمان هەروا بەردەوام بێ.

**لە لایەن حیزبی چەپی سوسیالیستەوە**
**ئاکسیل هاگێن**
**ئەندامی پارلەمان**

# پەیامی دوکتور بێرنارد گرانژۆن سەرۆکی ئیفختاریی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان بۆ کۆنگرەی پازدەی حیزب

دۆستانی خۆشەویست لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان !

بارودۆخی سیاسیی ئێران هەرگیز بە قەرا ئێستا بۆ کۆمەڵگای مەدەنیی ئێرانی بە گشتی و بۆ گەلی کورد بەتایبەتی دژوار نەبووە. هەر لەو کاتەدا بەڵام، سەرەڕای هەموو درندەیی و بێڕوحمییەکانی ئەو سەردەمە، هەرگیز داهاتووش بە قەرا ئێستا هەڵگری بەڵێن و ئەگەری ئاڵوگۆڕ نەبووە. بە زۆر نیشانەڕا دیارە کە دەسەڵاتی ناسەردەمی و تاریکپەرست و تێرۆریستی ئێران دەڕووخێ و لەجیاتیان دێموکڕاسی و ئازادی لە ئێران‌دا سەقامگیر دەبن.

ئێوە هەمیشە لە ڕێگای وەدیهێنانی ئەم بایەخ و بەهایانە واتە ئازادی و دێموکڕاسی کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەریی دەکردن، خەباتتان کردووە. لەو پێناوەدا زۆر کەسیشتان گیانی خۆیان فیدا کردووە. پێش ئەوەی بەو ئامانجانە بگەن، ڕەنگە هێشتا زۆر مەینەتی دیکە و زۆر شەهیدی دیکەش پێویست بن، بەڵام بێگومان سەرکەوتن خەڵاتی ئەو فیداکارییانە دەبێ.

کەس گومانی لەوەدا نیە کە کوردەکانی ئێران لەو نێوەدا نەخشێکی چارەنووسساز دەگێڕن، بەتایبەتی ئەگەر بتوانن یەک بگرن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمەش کە دۆستی لەمێژینەی گەلی کوردین، ئاواتەخوازین کە کۆنگرەی پازدەی حیزبەکەتان بە هەڵوێست و هەنگاوی ژیرانە و ئازایانە سبەی ڕۆژ بتانگەیەنێتە داهاتوویەک کە وەدیهێنەری خەونەکان بێ.

لەگەڵ دۆستانەترین هاندان و دەستخۆشانەمان.

**دوکتور بێرنارد گرانژۆن**
**و سەرجەم ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان**

# پەیامی شێری لایزێر نووسەر و کارناسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کۆنگرەی پازدەیەم

پەیام و سڵاو

بۆ من زۆر جێی بەختەوەرییە کە پەیام و پشتیوانی و باشترین ئارەزووەکانی خۆم ئاراستەی کۆنگرەی پازدەی ئێوە دەکەم، کۆنگرەیەک کە لە کوردستانی ئێراق بەڕێوەدەچێ و ئێستا وەک دەوڵەتی ناوچەیی کوردستان ئاماژەی پێ‌دەکرێ. لە کاتێک کە کوردەکانی ئێراق تا ڕادەیەک ئازادیی ڕاستەقینەی خۆیان دەستەبەر کردووە، بەڵام ڕێبەری بە شێوازی ڕابردوو و لە ڕاستای جێگیرکردنی نەریتە چاک و خراپەکانی پێشوودا لە گەڵ خەڵکانێک‌دا دەجووڵێتەوە کە لە باری عەشیرەیی و چینایەتییەوە جیاوازییان لەگەڵ یەک هەیە، سیستمێکی کلاسیک کە لەگەڵ سیستمی ئێمە لە بریتانیادا، هێندە جیاوازیی نییە.

بۆ کوردەکان لە وڵاتانی‌تر ـ بۆ وێنە سەبارەت بە ئەندام و لایەنگرانی ئێوە لە ئێران ـ من بەتەواوی ئاگادارم کە لە بارودۆخێکی ناخۆش و نالەبار دان ، دەسەڵاتداران بە قەرای مەلایانی سەدەکانی ناوەڕاست و وەک کارێکی پیرۆز و لە هەمان کات‌دا وەک هەمان گەندەڵکار و خراپەکارانی خراپ‌ترین دیکتاتۆرەکانی جیهان، درێژە بە سەرکوتی خەڵکی دەدەن.

ئەمە ئاواتی گشت کوردەکان و هەموو دۆستانی گەلی کورد و تەواوی ئێرانیانی خوازیاری دیمۆکراسییە کە حورمەت و ئازادی بۆ خەڵکی ئێران لە داهاتوویەکی نزیک‌دا دابین ببێ، بەبێ ئەوەی لەگەڵ زەرەر و زیانی ڕۆژانە و چارەڕەشی زیاتر و خوێنڕێژی و کوشت و کوشتار بەرەوڕوو ببنەوە.

ڕاست هەروەک هەڵبژاردنی سەرکۆمارێکی ڕەش‌پێست لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و داڕمانی دیواری بێرلین، ئاوات و داخوازییەکانی کوردەکانیش دەبێ ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر دەستەبەر بێ و ناوچەیەکی نوێ بە سەربەستی تەواوە لە ئێران پێک بێ.

لەگەڵ گەرموگوڕترین ئاواتەکان

**شێری لایزێر**

# پەیامی حیزبی سەوزەکانی ئۆتریش

**بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان !**

ئێستا کە ساڵی ٢٠١١یە، هێشتاش لە زۆر وڵاتان دابین کردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە گۆڕێدایە بەڵام ئەو داخوازە گەرەنتی نەکراوە. کوردەکانی ئێرانیش هەتا ئێستا لە مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ بێبەش ماونەتەوە. ئەو مافانە لە ئاکامی هەڵاواردن و جیاوازی داناندا بە کردەوە لە ژێر پێ‌نراون و دەستبەسەر کردن و توندوتیژی و ئەشکەنجە، تەنانەت لە سێدارەدانی زۆر کەسی بەدواوە بووە.

حیزبی سەوزەکانی ئۆتریش بۆ گوشار خستنە سەر دەوڵەتەکانی وەک ئێران لە گشت هەوڵ وتێکۆشانێک لەم پێناوەدا پشتیوانی دەکا بۆ ئەوە کە ئەو دەوڵەتانە ناچار بن مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، یەک لەوان مافەکانی نەتەوەی کورد، دابین بکەن.

.

دامەزراندنی دیموکراسی و لەبەرچاو گرتنی مافی مرۆڤ سەقامگیری و پایەداریی کۆمەڵ بۆ ماوەیەکی یەکجار دوور و درێژ دابین دەکات. ئێستا لە ئافریقای باکوور ئەم بابەتە بە جوانی دەبینین کە ئاڵوگۆڕێکی تەواو سەرنجراکێش لەو وڵاتانە ئەنجام دراوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە نەک هەر بە مەبەستی پێشکەوتن لە بواری ئابووریدا بووە بگرە بە هۆی پێویستییەکانی خەڵک لە بواری ئازادیی سیاسییشدا بووە.

هیوادارم ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئێرانیش ئەنجام بدرێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەووڵاتەش ببێتە وڵاتێک کە لەودا مافی مرۆڤ ڕێزی لێ بگیرێ و داکۆکی لێ بکرێ.

کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بۆ هەمووتان بە ئاوات دەخوازم.

لەگەڵ ڕێزمەوە

**ئا.ڤان دێر بێڵێن**
**مانگی مای ٢٠١١**

# پەیامی کۆنگرەی پازدەیەم بۆ بنەماڵەی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان

**بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان!**

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سڵاوی وەفاداری و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و بەندییە سیاسییە خۆڕاگرەکانی نێو بەندیخانەکانی‌ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەنێرێ. هەروەها سڵاو لە ئێوە کەس و کاری شەهیدان وبەندییە سیاسییەکان دەکا کە ڕۆڵەکانتان و ئازیزانتان بوونە سەمبۆلی فیداکاری و لەخۆبوردوویی و لە بەندکران و قبووڵکردنی ئەشکەنجە و ئازار و بەخشینی گیان، نەسڵەمیونەوە. ئێوە بۆ خۆشتان بەو بۆنەیەوە کە کەسانی خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەرتان لە داوێنی خۆتان پەروەردە کردوە و شانازی بە ڕێگاکەیان و ئامانجەکانیان دەکەن، بەردەوام لە گەڵ هەڵاواردن و ستەم و بێبەشی و ئازار و ئەزییەتی کاربەدەستان و دەست و پێوەندەکانی ڕێژیمی ستەمکار و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕوو بوون.

**ئازیزان!**

خەباتی نەتەوەی ئێمە لە پێناوی گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیدا سەرەڕای هەوراز و نشێوی سەر ڕێگا و کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆر کە لە لایەن دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە دەخرێتە پێشی، هەروا بەرەو پێش دەچێ و قۆناغەکان بە پاراستنی نێوەرۆکی ڕزگاریخوازانەی خۆی تێدەپەڕێنێ. هەرچەند تا ئێستا ئەو ئامانجانەی گەلی کورد خەباتی بۆ کردوون و قوربانیی بۆ داون وەدی نەهاتوون، بەڵام دەسکەوتی زۆر لە مەیدان و بوارە جۆراوجۆرەکان وەدەست هاتوون. هەموو ئەو دەسکەوتانەی تا ئێستا پێیان گەیشتووین و ئەوانەش کە لەمەودوا دەستەبەر دەکرێن، بەرهەمی ماندوو بوون، خەبات و خۆبەختکردنی خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان بەگشتی و لە هەمووان زیاتر و بە تایبەتی ڕۆڵەکانی ئێوەیە. دیارە نەتەوەی ستەملێکراوی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەمیشە ڕێز و بایەخی تایبەتی بۆ تێکۆشانی ئەو ئازیزانە دادەنێن و هەرگیز خزمەت و فیداکاریی ئەوان




کە مێژووی پڕ لە فیداکاریی خەباتی نەتەوەی ئێمەش تۆماری کردوون، لەبیر ناکەن.

بەخۆشییەوەلەهەلومەرجی ئێستادا ئاسۆی خەبات گەلێک لە جاران ڕوونترە و هومێد بە سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان و بەگشتی خەڵکی خەباتکارو چەوساوەی کوردستان زۆرترە. ئێمە ئەندامانی کۆنگرەی پازدەی حیزب پێمان وایە دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەر شێوەیەکی گونجاوی خەبات، بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەمان لە بندەستی و وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدەکان و بەندییە سیاسییەکانمان تێبکۆشین. دەبێ هەموو چین و توێژەکان و هەموو بەشەکانی کۆمەڵ بەشداری لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی دا بکەن بۆ ئەوەی ئەو خەباتە سەر بکەوێ و بە زوویی ئاڵای ڕزگاری نەتەوەکەمان بشەکێتەوە، تا ڕۆحی شەهیدانمان شاد بێ و زیندانییە سیاسییەکانمان، ئازادیی خۆیان وەدەست بێننەوە.

لە تریبونی کۆنگرەی پازدەیەمەوە، دڵنیاتان دەکەینەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەفادار بە ئامانجەکانی شەهیدان و ڕۆڵە بەندکراوەکانی گەلەکەی و هەروەها دڵگەرم بە پشتیوانیی ئێوە، خەبات تا بەدەستهێنانی ڕزگاریی نەتەوەکەمان،درێژە دەدا.

جارێکی دیکەش سەری ڕێز لە بەرامبەر ئێوەی بەڕێزدا دادەنەوێنین و سڵاو لە خۆڕاگری و سەبر و ئیرادەی پتەوتان دەکەین.

**کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

# حەمەدۆکی «ئاشق»

وریا ڕەحمانی

یەکەمین بەرگی رۆمانە چوار بەرگییەکەی «یاشار کەماڵ» - نووسەری



تورکی‌نووسی بە رەگەز کورد - بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٥دا وەک زنجیرە پەڕاوێز لە رۆژنامەی کۆماری (جمهوریت) بڵاو بۆوە. ناوی ئەم رۆمانە تاقانە و سەرکەوتوویە «اینجە ممد» (حەمەدۆک) بوو کە توانیی خەڵاتی یەکەمی رۆمان لە تورکیادا وەرگرێ و لە نێو خەڵک دا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبێ. ئینجا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەرگەکانی دیکەی رۆمانەکە لە ساڵانی دواتر دا رێژەی لایەنگر و خوێنەرانی زیاتر بۆوە و تەنانەت لە ئاستەکانی جیهانی دا گەشایەوە. لە پێدەشتە سەرسەوزەکانی داوێنی چیای تۆروس، لە گوندێک دا کە تەواوی زەوی و زارەکانی هی ئاغایە، تازەلاوێک بەناوی «مەمەد» دەژی کە بە هۆی لاوازییەوە خەڵکی ناوچەکە «اینجە» (باریکەڵە)ی پێ دەڵێن. ئاغا ساڵانە باجێکی قورس بۆ زەوییەکان وەردەگرێ و گوندنشینەکان لە هەژاریەکی بەردەوام دا دێڵێتەوە. ئینجا پێکهاتەیەکی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی وێڕای سەرکوت و زەبر و زەنگ باڵی قورسی بە سەر بارودۆخی ژیانی خەڵک دا کێشاوە. «مەمەد» چەندین جار «خەدیجە»ی خۆشەویستی - کە ئاغا دەیەوێ بۆ برازاکەی خۆی بێنێ - هەڵدەگرێ و پێکەوە هەڵدێن، کەچی دەگیرێن. هەر بۆیەش بڕیار دەدا و برازای

ئاغا دەکوژێ و خودی ئاغاش بریندار دەکات. ئەوجار کە هیچ ریگایەکی بۆ نامێنێتەوە و بە دوویەوەن پەنا بۆ چیا دەبا و یاغی دەبێ. کەچی چونکە لە بەرامبەر چەوسانەوە و زۆری سەردەستەی ئەو یاغی‌یانەی کە لەگەڵیان کەوتبوو نەیتوانی بێدەنگ بێ لێی هەڵگەڕایەوە، زۆر زوو دارودەستەی خۆی پێک هێنا و هێندەی نەبرد کە «مەمەد» بوو بە چەتە و رێگری دژی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران و خۆشەویستی خەڵکی هەژار و بێکەسان. بەستێنی ئاڵۆزی سیاسیی وڵات لە هۆکارە کاریگەرەکانی بڵاوبوونەوە و حەزی گشتی خەڵکی بەرامبەر بە ئەم رۆمانە بوو. دەسەڵاتی نوێ گوندە دواکەوتوویەکانی ئاناتۆلیی تەسلیمی دەسەڵاتی سەرکووتکەری چینی سەرمایەداری وڵات کرد. گوندنشینەکان کە پێشتر لە ژێر چەوسانەوەی قورسی ئاغاکان دا بوون، هەمدیس کەوتنە ژێر دەسەڵاتێکی نامرۆڤانەی دیکەوە. «یاشار کەماڵ» لە سەرەتاوە هەوڵی دا بە بڵاو کردنەوەی کۆمەڵێک ریپۆرتاژی تایبەت، زانیاریی پێویست بە خەڵکی بگەیێنێ.

لە رۆژنامەی «جمهوریت»دا نووسیویەتی: حەزی دەسەڵات و چەوساندنەوەی گوندنشینە بێ دەرەتانەکان لە لایەن توێژی دەوڵەمەندی زەمینداروە، هۆکاری سەرەکیی هەژاریی لە بڕان نەهاتووی خەڵکی ئێمەیە. لە لایەکەوە خاوەندارانی زەوییەکانن کە هەرکامەی زیاتر لە چەندین گوند و

بە سەدان هێکتار زەوییان هەیە، و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی سەرکووتکراوی هەژار و برسین کە لەسەر ئەو زەوییانەدا کار دەکەن. ئەو ستەم و نادادپەروەرییە چیدیکە ناتوانێ لەم سەردەمەدا درێژەی هەبێ. لە سەدەی هێز و وزەی ناوەکی دا، دەبوایە زۆر زووتر ئەو خاڵە رەشە نەگریسە بسڕابایەوە. یاشار کەماڵ لە «ئادەنا» نامەنووس بوو. پاش دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرمایەدارێکی راکردوو کە ببوو بە چەتە و یاغی، بۆ یەکەمجار بیرۆکەی نووسینی ئەم رۆمانەی لە زەین دا درووست بوو. بۆ نووسەری ئەم رۆمانە نووسین بەر لە هەمووشتێک بەرەنگاری و رووبەرووبوونەوەیەک بوو لەگەڵ بارودۆخی مەوجود. شێوازی نووسینەکەی، نەریتی وێژەیی (زارەکی)ی حەقایەت بێژە گەرۆڵەکان وەبیر دێنێتەوە. «حەمەدۆک» یان «اینجە ممد» کە وەک رۆمان دەنووسرێ ئەو نەریتە وێژەییە زیندوو دەکاتەوە.


ئەو نووسینە پردێکە لە نێوان فەرهەنگی وێژەیی و نووسین، رابردوو و ئێستا، واقعییەت و خەیاڵ، کە بە ئاقارێکی تێکەڵ و ئاڵۆز بەیەکەوە پێوەندییان هەیە. نووسەر نە حەزی لە دووبارە خولقاندنەوەی ئۆستوورەکانی کۆمەڵگای نیشتمانەکەیەتی و نە دەیەوێ وەک تاکە واقعییەتی کۆمەڵایەتیش نیشانی بدات. بەڵکوو ئامانجێکی

مرۆڤانە و ئەورۆیی دەپێکێ. دەریدەخات کە چۆن کۆمەڵگایەک ئۆستوورە تایبەتەکانی خۆی درووست دەکا. ئینجا هەر کەسێکیش بۆخۆی ئوستوورەکانی خۆی دەخولقێنێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم دەقە بە گوێرەی ریتمی شاعیرانەی



حەقایەتە کۆنەکان نووسراوە و پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ نەریت و رابردوودا هەیە.

لە رەهەندە سەرنج راکێشەکانی چیرۆکییانەی ئەم رۆمانە ئەو بەشەیەتی کە پاش ئەوەی «مەمەد» یاخی دەبێ و ئاغا و برازاکەی دەکوژێ، رەوتی بەرەوپێشچوونی رۆمانەکە وایە کە مەجبور دەبێ دووبارە خەڵکێکی دیکەش بکوژێ و ئیتر واتای




ئاغای زالم مانایەکی فراوانتر لە خۆی دەگرێ و تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی چەوسێنەری گوندەکەی خۆیاندا قەتیس نابێتەوە و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئیمکانی ژیانێکی ئارەزوومەندانە و شایانیان لە خەڵک ئەستاندوە. لەمەودوا «مەمەد» ئیتر ژیان لە کونی لولەی تفەنگەکەیەوە دەبینێ و لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی


کە مافی ژیانیان لە ئەو و خەڵکانی وەک خۆی بەرتەسک کردۆتەوە و دەسەڵاتی سەرکوت و چەوسێنەرانەیان هەیە، دژایەتی دەکا و دەیانکوژێ. کەچی لە ئاکام دا بەو دەرەنجامە دەگات کە لەگەڵ کوشتنی هەر زاڵمێک زاڵمێکی دیکە جێی دەگرێتەوە و مەودای ژیانی لێ تەنگتر دەکاتەوە. هەر بۆیەش رەنگە چارەسەریی درووست لە گۆڕانی کەسەکان دا نەبێ بەڵکوو ئەوە سیستم و شێوازی ژیانی کۆمەڵگا و داب و نەریتەکانییەتی کە دەبێ بگۆڕدرێ و مۆدێلی نوێ جێی بگرێتەوە.

«یاشار کەماڵ» ساڵی ١٩٢٣ لە شاری «هەمیتە»ی تورکیە لە دایک بووە. تا ئێستا سێ خەڵاتی بایەخداری رێپۆرتاژ، رۆمان و شانۆنامەی بردۆتەوە و هەروەها لە ساڵی ١٩٧٣ پاڵێوراوی بردنەوەی خەلاتی نۆبێلی ئەدەبیات بوو. هەروەها خەڵاتی گەورەی ئەدەبیات و فەرهەنگی تورکیاشی وەک بەناوبانگترین و گەورەترین نووسەری هاوچەرخی تورکیا پێ بەخشراوە. نووسینەکانی ئەگەرچی لە بەستێنی وڵات و جوغرافیایەکی تایبەت و دیاریکراودا روو دەدەن بەڵام پێکهاتە و ناوەرۆکێکی جیهانیان هەیە و لە ئاستێکی نێونەتەوەیی دا دەنرخێندرێن. یاشار کەماڵ لە رێورەسمی وەرگرتنی خەلاتی ئاشتی ناشران و کتێب فرۆشانی ئاڵمان دا لە ساڵی ١٩٩٧ دەڵێ: من کەسێکی ئەهلی هونەر، شێعر و عاشقیم. لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە بەتوانایە دەتوانیین ئاماژە بەو کتێبانەی ژێرەوە بکەین: هێلانەکانی پەریان، پیتی حەلەبی، زەوی ئاسنە و ئاسمان مس، گیای نەمران، ئەفسانەی چیای ئاگری، قوڵایی دەریا، تەنیایی، ئەگەر ئێمە بکوژن، دارە هەنارەکەی سەر گردی، کۆڵەکەی خێوەت، هەروەها شاکارە چوار بەرگییەکەی «اینجەممد» (حەمەدۆک) کە تا ئێستا بە زیاتر لە ٢٠ زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراوەتەوە.

تەرجومەی ئەو کتێبە بەنرخە بۆ کوردی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٦ی زایینی دا لە لایەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە وە دەستی پێکرد و بەرگی یەکەمی کەوتە بەر دیدی خوێنەران و دوابەدوای ئەوەش دا دوو بەرگی دیکەی ئەو کتێبە بایەخدارە هەر لە سەر دەستی بەڕێزیان وەرگێڕدراوەتەوە و وەک مامۆستاش بۆخۆی

دەڵێ بەرگی سێیەمی «حەمەدۆک»ی بە کوردی لە دوو بەرگدا بڵاوکردۆتەوە. بەڵام بەهەر هۆیەکەوە بوو جەنابی مامۆستا حەسەنزادە بۆی نەلوا و پێی نەکرا کە بەرگی چووارەمیشی وەرگێڕێتەوە سەر زمانی کوردی و ئەو کارە هەروا بە نیوەچڵی مابۆوە. تا ئەوەیکە لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینی دا کاک «عوسمان ئیسماعیلی» ناسراو بە «ئاشق» شاعیر و وەرگێڕی بەتوانا ئەو ئەرکەی وە ئەستۆ گرت و ئەم هەوڵە نیوەچڵەی بە لێهاتوویی یەوە بە ئاکام گەیاند.

واتە بەرگی چوارەمی رۆمانەکەی کە لە کوردی دا بۆتە بەرگی پێنجەم بە حەقیقەت بەوپەڕی لێوەشاوەیی یەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و کارێکی گەورەی کرد. شایانی باسە کە تەرجومەکانی بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە لە زمانی فارسی‌یەو کەچی تەرجومەی مامۆستا «ئاشق» لە زمانی سویدی یەوە کراوەتە سەر کوردی. لە راستیدا وەرگێڕی بەرگی چوارەمی «حەمە دۆک» هەوڵی داوە کە لە بواری زمانەوە بە گوێرەی



ئیمکان خۆی لە زمان و شێوازی نووسینی مامۆستا حەسەنزادە نزیک بکاتەوە و لە فەزای گشتیی تەرجومەی بەرگەکانی پێشوو دەرنەچێ، بە جۆرێک کە خوێنەر هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیان دا نەکا و وەک کارێکی یەکدەست سەیری بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کاک عوسمان ئیسماعیلی ئەرکی پێداچوونەوەی نیهایی وەرگێڕانەکەی خۆشی هەر بە جەنابی مامۆستا حەسەنزادە ئەسپاردووە و ئەوەش خۆی یەکدەستی و لێک نزیکبوونی هەرچی زیاتر و گونجاوانەتری بابەتەکەی بە درووستی لێ کەوتۆتەوە. لە خوێندنەوەی بەرگی چوارەم و بە بەراورد کردنی لەگەڵ بەرگەکانی پێشوودا هونەری وەرگێڕان و زمانی پاراوی وەرگێڕمان بە تەواوی بۆ دەردەکەوێ و هەروەها دەسەڵاتی کەم وێنەی مامۆستا ئاشق لە زانینی زمانی سویدی و کوردی و هونەری وەرگێڕان، بە نموونەیی، خۆی نیشان دەدات. هیواداریین بەڕێزیان لەمجۆرە کارو هەوڵانەیان دا بەردەوام بن و کتێبخانەی کوردی بە قەڵەمە زێڕینەکەیان دەوڵەمەندتر بکەن. ئاواتی سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ بەڕێزیان دەخوازین و هەر بژین و کامەران بن.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 560 5 june 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانی ئینتێرنێت دا:

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization:H - SR: 27500 - FEC:5/6


## پیشاندرانی کورتە فیلمی «ڕۆژین» لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی ئیسپانیا

کورتە فیلمی کوردیی «ڕۆژین» لە دەرهێنانی سینەماکاری کوردی چیمەن ڕەحیمی لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی مافی مرۆڤ لە شاری بارسیلۆنای ئیسپانیادا بەشدار دەبێ.

چیمەن ڕەحیمی، سینەماکاری سنەیی و دانیشتووی لەندەن و دەرهێنەری کورتە فیلمی «ڕۆژین» لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر وێڕای ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە کوتویەتی کە کورتە فیلمی دراماتیکی ڕۆژین، چیرۆکی کچە کوردێک بۆ بینەر دەگێڕێتەوە کە لە کاتی ژیانیدا تووشی کۆمەڵە کێشەیەک بۆتەوە و لە بریتانیا سەری وەدەرناوە و بە ناچار لە یەکێک لە هوتێلە بەناو بانگەکانی شاری لەندەندا کار دەبینێتەوە.

چیمەن ڕەحیمی دەڵی کە کورتە فیلمی ڕۆژین تیشک دەخاتە سەر پرسی مافی مرۆڤ و ئەو پرسیارە بۆ بینەر دروست دەکات کە ئایا دەکرێت مرۆڤ بتوانێ بەسەر ڕابردوویدا زاڵ بێ و بتوانێت گیانی لێبوردنی تەنانەت بەرامبەر تاوانبارانیشدا هەبێ؟



شایانی باسە کە ئەو کورتە فیلمە تا ئێستا توانیویەتی خەڵاتی ناوەندی «ئیندێ فێست» بە دەست بێنێ و تا ئێستا لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی «دی ئیندێ لە ئامریکا، فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «ریندێریارد» لە بریتانیا لە ئیسپانیا، لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «کۆرتۆ»، لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «تۆکیۆ» لە ژاپۆن،

لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «ستێپ» لە ئۆکراین، لە ٢٢مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «ئەستەنبووڵ» لە تورکیە، لە دووهەمین خولی فیستیڤاڵی لاوانی کورد لە شاری داڵاس لە ویلایەتی تێگزاس لە ئامریکا، لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «پۆنتینۆ» لە ئیتاڵیا پیشان دراوە.

## بەڕێوەچوونی یەکەمین خولی فێرکاری زمانی کوردی لە زانکۆی پەیامی پەیامی نووری سەردەشت



بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی شرۆنیوز یەکەمین خولی فێرکاریی زمانی کوردی لە لایەن «ئەنجومەنی ئەدەبیی چریکە»وە لە ڕێکەوتی : ٣١تا١/ بانەمەڕ/١٣٩٠-٢٧١١ ، بە ماوەی مانگێک لە زانکۆی پەیامی نووری سەردەشت بە هاوکاری «فێرگەی زمانی کوردی سۆما» بەڕێوە چوو ، کە تێیدا کۆمەڵێک خوێندکار بەشدار بوون و دوای تێپەرکردنی خوڵەکە ، تاقیکردنەوەش هاتە ئاراوە.

شایانی باسە کە لەم خولەدا «مامۆستاهێرش بێتووشی» (بەرپرسی فێرگەی زمانی کوردیی سۆما لە سەردەشت) ئەرکی وانە گوتنەوەکەی لە سەر شان بوو و ڕۆڵی ڕاهێنەری گێڕا.

لە خوڵەکەدا پەرتووکی «ڕێنووسی کوردی» (بە ئەلفوبێی عەڕەبی) لە نووسینی ڕەحیم سوڵتانی ، خویندرا ، کە ئەم پەرتووکە وەک قۆناغی سەرەتایی فێرکاری زمانی کوردی لە سۆمادا دێتە ئەژمار.

## بەرپرسانی شاری سنە پێشوازییان لە شاخەوانی کورد نەکرد



حەمید دێهقان شاخەوانی کوردی خەڵکی سنە کە بە ٥٥ ڕۆژ هەوڵی بێوچان توانیبووی بە سەر بەرزترین چیای جیهاندا سەر بکەوێ، گەڕایەوە زێدەکەی خۆی.

ڕێوڕەسمی پێشوازی کردن لەم قارەمانە کاتژمێر ٦ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٩٠/٣/١٠ لە فرۆکەخانەی سنە و بە بەشداریی خەڵکێکی زۆری شارو شارەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوەچووە، بەڵام بەرپرسانی پارێزگای سنە بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی پێشوازی کردن لەم وەرزشکارە کوردەدا نەکرد و تەنیا مێهدی حیسام شەریعەتی، شارەداری ئێستای سنە و چەند نوێنەری شوورای ئەم شارە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بوون و نە ئۆستانداری سنە و نە جێگرەکانی و بەرپرسانی دیکەی ئەو شارە ئامادە نەبوون لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بن..

جێی ئاماژەیە کە ئەم قارەمانەی کوردستان، جگە لە سەرکەوتن بۆ سەر چیای ئێوێرست، پەیکەرێکی گەورەی شاخەوانی گەورەی جیهان محەممەد ئەورازی گەیاندە سەر لووتکەی ئەم چیایەو هەموو خەڵاتەکانی ئەم سەرکەوتنەی بۆ منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشیە تایبەتیەکان و شێرپەنجە تەرخان کردوە، بەڵام بەو حاڵەش کاربەدەستانی حکوومەتی ئامادە نەبوون پێشوازی لە قارەمانێکی ئاوا بکەن.

## بەڕێوەچوونی یەکەمین فستیڤاڵی شانۆی خەڵکیی لە سەقز



وابڕیارە لە داهاتوویەکی نیزیکدا یەکەمین فستیڤاڵی ناوچەیی شانۆی هاووڵاتی لە شاری سەقز بەڕێوە بچێ.

ناوەندی هەواڵنێریی سەقز بڵاوی کردەوە کە وابڕیارە یەکەمین فستیڤاڵی ناوچەیی شانۆی هاووڵاتی، لە ڕێکەوتی ١ تا ٤ ی پووشپەڕ لە شاری سەقز بەڕێوە بچێ.

لەسەر بەرێوەچوونی ئەم فیستڤاڵە، شارەداری سەقز و سەرۆکی یەکەمین فستیڤاڵی ناوچەیی شانۆی هاووڵاتی بە سەرچاوەی هەواڵیان ڕاگەیاندوە کە تا ئێستا پتر لە ١٣٠ گرووپی شانۆیی لە پارێزگاکانی سنە، ورمێ، هەمەدان و تەورێز، ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لەم فستیڤاڵەدا ڕاگەیاندوە.

شارەداری سەقز لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کردوە کە، ئەم فستیڤاڵە لە ٣ بەشی: سەر شانۆ، سەرشەقام و بووکەبارانە، پێکهاتوە و لە ڕێکەوتی پێنجی جۆزەردانەوە لێژنەی هەڵسەنگاندن پێداچوونەوەیان بەو بەرهەمانەدا کردوە کە ڕەوانەی دەبیرخانەی فستیڤاڵ کراون.




**مەرگی تاڵی هالەی سەحابی لە رۆژی بەخاکسپاردنی باوکی دا بە زمانی کاریکاتێر (مانا نیسانی)**

## یەدوڵڵا ڕەحمانی، هونەرمەندی ناوداری کرماشان کۆچی دوایی کرد



یەدوڵڵا ڕەحمانی، مەقامبێژ و ئاوازدانەری ناوداری کرماشانی لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا و لە شاری کرماشان کۆچی دوایی کرد.

بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر، مەقامبێژ، ئاوازدانەر و هەڵبەستڤانی ناوداری کرماشانی یەدوڵڵا ڕەحمانی، نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٧ی جۆزەردان بەهۆی نەخۆشیی جەرگ و گورچیلە لە نەخۆشخانەی ئیمام ڕەزا لە شاری کرماشان کۆچی دوایی کرد.

یەدوڵڵا ڕەحمانی لە مانگێک بەر لە ئێستاوە لە گەڵ جۆرێک شێرپەنجە لە جەرگ و یەکێک لە گورچیلەکانیدا بەربەرەکانی دەکرد، بەڵام بە داخەوە بە هۆی گەشەکردنی سەرەتانەکەی شیمی دەرمانی و چارەسەریی پزیشکیش فریای نەکەوت.

یەدوڵڵا ڕەحمانی لە شارستانی سەرپێڵی زەهاو لە دایک بووە و چالاکییە هونەرییەکانی خۆی لە ناوەندی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی کرماشان وەکوو گۆرانیبێژ، ئاوازدانەر و شاعیر دەست پێ کرد.

یەدوڵڵا ڕەحمانی هەر لە ڕۆژانی سەرەتای چالاکیی هونەریی خۆیدا هۆگر و تامەزرۆی چڕینی مەقام و ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردی بوو. بە هۆی ئەوەی کە سۆز و میلۆدییەکان و نەغمە و گۆرانییەکانی ناوچەی کرماشانی زۆر بە باشی دەناسی، لەو ساڵانەی دواییدا زۆربەی مەقامەکانی خەڵکانی نیشتەجێی ڕووباری ئەڵوەندی لە چوارچێوەی ئەلبومێکدا لە ژێر ناونیشانی «ئەڵوەناتی» بڵاو کردەوە کە لە لایەن هۆگرانی هونەری موزیک و گۆرانی کوردی پێشوازییەکی زۆری لێ کرا.

بەر لە ماڵاوایی

# چەند وتەیەک بۆ ڕێزگرتن لەتێکۆشەری دێرین کاک حەسەنی ڕەستگار

**ئاماژە:**

**سیمای ناسراوی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەری دێرین مامۆستا حەسەنی ڕەستگار، لە کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، چیدیکە بۆ ئەندامەتیی ڕێبەریی حیزب خۆی نەپاڵاوت و وەک کۆمەڵێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی دیکەی ڕێبەریی حیزب، کە لە کۆنگرەی سێزدەوە ئەم ڕەوتەیان گرتە بەر، ئەم مەیدانەی تێکۆشانی بە تێکۆشەران و ڕێبەرانی لاو سپارد. تێکۆشەری ناسراو، هاوڕێ سمایل بازیار، لەم پێوەندییەدا، لە دوا دانیشتنی کۆنگرەی پازدەیەمدا،چەند وتەیەکی وەک ڕێزگرتن لەوکەسایەتییەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەشی بەشدارانی کۆنگرە کرد. ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو وتانەیە:**

**هاوڕێیان! ئەو کاتەتان باش و ماندوو نەبن.**

پێموابێ پاش کۆتایی هاتنی کۆنگرەی چاردەیەم بوو، هەر لەم ڕێورەسمەش واتە ڕێورەسمی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی چاردەیەم دابوو کە هاتمە پشت ئەو تریبوونە و لە چەند وتەیەکی کورت دا ڕێزمان لە تێکۆشانی چەند هاوڕێیەکمان گرت کە ئیدی حزووریان لە سەرکردایەتیی حیزبدا نەبوو، بەڵام لە حیزبدا حزووریان هەبوو. وەکوو تێکۆشەران: مامۆستامان عەبدوڵڵا حەسەنزادە تێکۆشەری ناسراوی گەلی کورد، کاک جەلیل گادانی، کاک فەتاح کاویان و کاک حوسێن مەدەنی. لەم کۆنگرەیەش دا و هەر لەو ڕێوڕەسمەدا یەکێکی دیکە لەو هاوڕێیانەمان واتە کاک حەسەن ڕەستگار چیتر ئەندامی سەرکردایەتیی حیزب نییە و بۆ خۆی بە خواستی خۆی جێگای خۆی دا بە هاوڕێیانی گەنج و بە پۆلێکی دیکە لە هاوڕێیان کە ڕێگای ئەو و ئەرکەکانی ئەو درێژە پێ بدەن.

لە بیرمە چەند مانگ لەوە پێش لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبدا ئەمن لە پشتی ئەو تریبوونەدا کوتم، مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، مێژوویەکی ناتەواوە. ئەو مێژووە کێ دروستی کردوە؟ و کێ دروستی دەکا؟ کوتم کۆمەڵانی خەڵک، و بەشێک لە نوێنەرانی کۆمەڵانی خەڵک لەسەر ئەو سێنە دانیشتبوون و ڕێزیان لێ گیرا. یەکێک لە ئەکتەرەکان، یەکێک لە کارەکتێرەکانی ئەو مێژوویەش، کاک حەسەن ڕەستگارە. ئەو کەسایەتییەی کە لە نەسلی دووهەمی تێکۆشەرانی حیزب کە لە پاش کۆماری کوردستاندا هاتوونە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. بۆچی کاک حەسەن ڕەستگار یەکێک لە ئەکتەرەکانی سەرەکییەکانی ئەو مێژوویەیە؟ کاک حەسەن لە تەمەنی ٦٦ ساڵەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، پتر لە نیو سەدە واتە ٥٤ ساڵ لە نێو ئەو حیزبە دا حزووری هەبووە. کاک حەسەن ڕەستگار کۆنترین ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە. ئەو ڕووداوانەی کە بۆ نەسلی سێهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، واتە بۆ نەسلی ئێمە کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ساڵۆنەین، ئەو ڕووداوانەی کە ئێمە تەنیا لە مێژوودا خوێندومانەتەوە، کاک حەسەن یەکێک لە ئەکتەرەکانی ئەو ڕووداوانە بووە کە بۆخۆی لە نزیکەوە حزووری تێیاندا هەبووە. ڕووداوی وەک گیرانی دەیان و سەدان تێکۆشەری حیزبی بە هۆی پۆلیسی حەمە ڕەزا شا لە ساڵی ١٣٣٨دا، کە لە زیندانی بەناوبانگی «قەسری قەجەر»دا زیندانی کران، ڕووداوی دیکەی وەک کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە هەرچەند نەیانهێشت لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بێ، بەڵام لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو ڕووداوانە بووە، کومیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆنفڕانسی دووهەمی حیزب، کۆنفڕانسی سێهەمی حیزب، و کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. هەمووی ئەو ڕووداوانە بەشێکی گرینگ لە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانن کە ئێمە تەنیا لە لاپەڕەکانی کتێبەکان دا لەگەڵ ئەو مێژووانە ئاشنا بووین. بەڵام کاک حەسەنی ڕەستگار حزوورێکی پڕڕەنگی لەو ڕووداوە گرینگانە بووە. کە وابوو کاک حەسەن دەبێ چ گەوهەرێکی گرانبەها بێ بۆ مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بۆ مێژوونووسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. ئەو دەیان ڕووداوی گرینگی مێژووی لەسینگی خۆیدا تۆمار کردوە. ئەو ڕووداوە مێژووییانەن کە تەجروبەیەکی گرانبەها و بە نرخیان بە کاک حەسەن ڕەستگار داوە. بە دڵنیاییەوە سەرکردایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەمیشە لەو ئەزموونانەی ئەو کەڵکی وەرگرتوە. کاتێک لە شەڕایەتێکی هەستیار و حەسساس دا کۆنگرەی چاردەمان گرت، ئەو هەر لەگەڵ ئەو ڕێبەرییە تازەیەی حیزبدا مایەوە بە خاتری ئەو ئەزموونەی هەیبوو، بە خاتری ئەوەی کە بەو ئەزموونەی یارمەتیمان پێ بکا. هەر دوێنێ سکرتێری گشتیی حیزب کاک خالید عەزیزی ئاماژەی پێکرد، بە ڕاستی سیما و ئەزموونەکانی ئەو لە پاش کۆنگرەی چاردەدا یارمەتیدەرمان بوو.

ئەمن پێمخۆشە قسەکانم بە وتەیەکی «نیکۆس کازانتزاکیس» تەواو بکەم. بەڵام بۆ بە وتەی ئەو؟بۆچی ئەو ڕستەیە لێرەدا دێنمەوە؟ پێدا هەڵکوتن لە تەبیعەتی کاک حەسەن دا نەبووە و یەکێک لە خسلەتەکانی کە سیمای ئەو تەرسیم دەکا، ئەوە بووە کە زۆر کەم وا هەبووە کە کاک حەسەن بە کەسایەتییەک لەخۆرا هەڵ بلێ و قەتیش لەگەڵ ئەوعادەتە دا نەبووە.

بۆ لاپەرەی ٣